کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە۴۴۴-نیوەی یەکەمی ڕەشەمەی ۱۴۰۲-مارچ ۲۰۲۴




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە وەڵامی لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازی بایکۆتی نمایشی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی




## منداڵان بێمافترین و ستەملێکراوترین بەشی کۆمەڵگای ئێرانن



### سەروتار

## ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ۸ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی ژن نزیک دەبینەوە. بەم بۆنەیەوە ئەم ڕۆژە مێژوویییە مەزنە لە سەرجەم ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز پیرۆزبایی دەکەین. ڕێز دەگرین لە یاد و فیداکارییەکانی ئەو ژن و کچە ئازادیخوازانەی کە لە شۆڕشی شکۆداری «ژینا»دا وەک ئەستێرەیەک درەوشانەوە و بوونە چرای ڕووناکی بەخشی شۆڕشی چارەنووسسازی داهاتوو. سەد و ۱۱ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژندا تێپەڕ دەبێت، ڕۆژێکی کە لەلایەن کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ کلارا زێتکین وەک ڕۆژی ژنانی کرێکار پێشنیارکرا و بە هەوڵی سۆسیالیستەکان بوو بە ڕۆژێکی جیهانی. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ژنانی ئازادیخواز بە پشتیوانی پیاوانی خەباتکار و یەکسانیخواز، بە فیداکاری و گیانبازی و قوربانیدانێکی زۆر توانیویانە گەلێک ماف و داخوازیی جیهانی بەدەست بهێنن و بزووتنەوەی ژنان لەپێناو ڕزگاریدا چەندین هەنگاو بەرەو پێشەوە ببەن. ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن و ڕۆژی خەبات لە پێناو ڕزگاری ژناندا بەرز ڕادەگرین، کە قەیرانێکی قووڵی ئابووریی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە و ئاسەوارەکەی کە بریتییە لە هەژارییەکی لەڕادەبەدەر، زیاتر لە هەموان لەسەر شانی ژنان قورسایی دەکات، شەڕی ماڵوێرانکەری ئۆکراین و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی غەززە، بەتایبەت ژنان و منداڵان لەلایەن ئەرتەشی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە هەروا بەردەوامە. ژنان لە شەڕ و قەیرانەکاندا بەردەوام وەک ئەمڕۆ، زیاتر لە پیاوان لەگەڵ ئازار و خەسارە ترسناکەکانی، بەرەوڕوو بوونەتەوە، بەڵام ژنانی تێکۆشەر و پێشڕەو بەردەوام لە سەر ئاستی جیهان و لە ڕۆژە سەخت و ئەستەمەکاندا، لە زومرەی پێشەنگەکانی نارەزایەتی بەرامبەر بە شەڕ و مژدەبەخشانی ئاشتی و ئاشتەوایی و ئازادی و ئەمنییەت بوون. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، وەک هێمای ئاشکرای حکوومەتێکی ئایینی پشتیوانی نیزامی چینایەتی سەرمایەداریی، هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر زەوتکردنی مافە ئینسانییەکانی ژنان دامەزراند. یەکەم دەرکوتنی سیاسی خومەینی لە ساڵی ۱۳٤۲دا، لە دژی ژنان و ئەو مافە سەرەتاییانە بوو کە لەو قۆناغەدا بەدەستیان هێنابوو، هەڵوێستێکی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای هاتنە سەرکاری لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ۱۳٥۷دا جەختی لەسەر کردەوە و بە کردەوەی دەرهێنا. لەو کاتەوە ڕژیمی ئیسلامی دوو باڵی ئایین و پیاوسالاری بەهەموو هێزەوە لە دژی ژنان بەکار هێنا. بێبەزەییانە ترین شێواز و فۆرمەکانی توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن لە دژی ژنان، لە ڕژیمی ئیسلامیدا بە یاسایی کران

درێژە لە لاپە ڕە ی ۲

## درێژەی سەروتار

سەپاندنی حیجابی ئیجباری وەک سیمبولی بە کۆیلە کردنی ژنان، هاوسەرگیری منداڵ، پەرەپێدان بە لەشفرۆشی لەژێر ناوی سیغەکردن، لێبوردەیی یاسایی بۆ کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموسی، بێبەشکردنی ژنان لە مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ، بێبەشکردنی ژنان لە مافی دادوەری، زەوتکردنی مافی سەفەرکردن بەبێ ئیزنی پیاوان و بە یاسایی کردنی مافی دوو ژن بەرامبەر بە پیاوێک تەنیا بەشێکن لە یاساکانی دژە ژن لە ڕژیمی ئیسلامیدا

بەڵام بە بەرینایی ڕەهەندەکانی وەحشیگەری و سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژنان، خەبات و خۆڕاگریی ژنان لە ماوەی ٤٥ساڵی ڕابردوودا لەناو کۆمەڵگا و لە شوێنی ژیان و ناوەندەکانی کاردا بێ پسانەوە لە ئارادا بووە و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی (ژن، ژیان، ئازادی)دا گەیشتە لوتکە. شۆڕشی «ژینا» نیشانی دا کە ژن نەک هەر «لاواز و ڕەگەزی دووەم» نییە، بەڵکوو بەتوانا، وشیار، بوێر و فیداکارە و زۆرترین شایستەی بەڕێوەبردنی جیهانێکی دوور لە شەڕ و کوشتار و لێوانلێو لە ئاشتی و مرۆڤدۆستی و مێهر و خۆشەویستییە. لەخۆڕا نەبوو کە سەرپۆشەکان دەسووتێنران، ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوون، لەبری وتار و خوتبەی مەلا و ئاخووندە ئاینییەکان، دروشم و سروودی شۆڕشگێڕانە لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان دەوترانەوە و لێدوان و بەیانییەی ئومێدبەخش دژ بە هۆکارەکانی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان، واتە ئایین، پیاوسالاری و سەرمایەداری، دەنوسران و بڵاو دەکرانەوە. کەم نین ئەو ژنە خۆڕاگر و فیداکارانەی کە لە سیاچاڵەکانی ئیسلامیدا بوێرانە خۆڕاگرییان کرد و کۆڵیان نەدا و گیانی ئازیزیان لە پێناو ئارمان و باوەڕی بەرزیاندا بەخت کرد. کەم نین ئەو ژنە خەباتکار و تێکۆشەرانەی کە سەرجەم تابۆکانی ئەو قۆناغەیان تێکشکاند و لە نەبەرد و بەرخۆدانی چەکدارانە و سەربەرزانەی کوردستاندا لە دژی لەشکرکێشی حکوومەتی ئیسلامی قارەمانانە خەباتیان کرد، گیانیان لەدەستدا و بوونە هێما و سیمبولی هەزاران ژن و کچی شۆڕشگێڕ و ناو و یادیان بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە لە ستەم و سەرەڕۆیی یاخی بوون و چارشێو و حیجابی ئیجباری ئیسلامی، ئەم هێمای وەحشیگەری و بەربەرییەت و پیاوسالارییە ئایینییەیان لە مەیدان و چوارڕێیانی شارەکاندا ئاگر تێبەردا و دەنگی یەکسانیخوازی و مرۆڤایەتییان بەرز کردەوە. کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە لە خەبات و نارەزایەتی ڕۆژانەی کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و ماڵ خوراواندا هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی ئازادی و یەکسانییان بەرز کردەوە، سینگیان لەبەرامبەر سەرکوتگەرانی بێبەزەییدا کردە قەڵغان و لەرزیان خستە جەستەی حکوومەتی ڕزیوی ئیسلامی ئێرانەوە

لە ئێرانی ژێر دەسەڵات و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا، ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن هیچ پێگەیەکی یاسایی نییە. دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەم ڕۆژە، لە دژایەتی ئەم حکوومەتە لەگەڵ ژنان و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازییەوە سەرچاوە دەگرێت. ٨ی مارسی ئەمساڵ دەتوانێ ڕۆژی گەڵاڵە کردن و خستنەڕووی ویست و داخوازییەکانی ژنان، ڕۆژی داواکاری یەکسانی ژن پیاو، ڕۆژی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگای ڕوو لە گۆڕان و وەرچەرخانی ئێراندا بێت. ویست و داواکارییەکانی ژنان، ویست و داواکاریی چینی کرێکار و بەشی وشیار و پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازی کۆمەڵگایە

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ژن، داوا لە سەرجەم ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز دەکات کە بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەرین دژ بە ستەم و سەرکوت لەسەر ژنان و بەرامبەر بە سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕۆژە بەرز ڕابگرن.

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**مارسی ٢٠٢٤**
**ڕەشەممەی ١٤٠٢**

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە وەڵامی لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازی بایکۆتی نمایشی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی

ڕاپۆرتانەکان لە شار و گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە نمایشی بە ناو «هەڵبژاردنەکان»ی ڕۆژی هەینی لە گەڵ بایکۆت و گرنگی پێنەدانی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەتەوە. خەملاندنە بەراییەکانی شار و گوندە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای هەموو ئەو فێڵ و فریو و ڕێکارانەی کە ڕژیم گرتییە بەر، کەمتر لە دە لەسەدی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان بووە، چوونەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان. بایکۆتەکە ئەوەندە بەرچاو و بەرباڵوە کە هیچ ئاستێک لە ساختەکارییە باوەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، ناتوانێت بیشارێتەوە. هەرچەندە هێشتا دەبێت چاوەڕێی ڕاپۆرتی کۆتایی سەبارەت بە بایکۆتی بەرباڵوی ئەم نمایشە حکوومەتییە بین لە کوردستان، بەڵام تا ئێستاش، سەرکەوتنی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان لەم نەبەردە دیاریکراوەدا بە دڵنیاییەوە مسۆگەرە. بەڵام ئەوەی کە ڕۆژی هەینی ڕوویدا شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە هەر لەسەرەتاوە وڵامی «نا»یان بە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی دابووەوە، خەڵکێکی کە بە خۆڕاگریی قارەمانانەی خۆیان وەڵامی لەشکرکێشی ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەرەیان دابووەوە و ئەم خۆڕاگرییە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان بە شێوازی جۆراوجۆر و لە بزووتنەوە بەرباڵوە جەماوەرییە بەرینەکاکاندا، لەوانە چەندین مانگرتنی سیاسی لە ساڵانی ڕابردوودا و سەرەنجام لە شۆڕشی «ژینا»دا تووشی ئاڵەنگاری کردبوو، ئەو جەماوەرەی کە لە هەر دەرفەتێکی مومکین کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی نامۆبوونی ئەم ڕژیمە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆ و سبەی خۆیان نیشان بدەن. ڕۆژی هەینی سەرلەنوێ دەرفەتێکی ئەوتۆ ڕەخسا و لە هاودەنگییەکدا کە چەندین جاری تر ئەزموونیان کردبوو، بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە ئەم دەسەڵاتە بە خۆیان نامۆ دەزانن. جێگای خۆیەتی هەر لێرەدا ئەم هەنگاوە گەورەیە لە خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئەو هەڵسووڕاوانە پیرۆزبایی بکەین کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بەستێنی ئەم سەرکەوتنەیان خۆش کرد

بایکۆتی نمایشی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە کارنامەی ئەم دەسەڵاتە لە کوردستان تەژییە لە جینایەت و سەپاندنی بێ مافی و پێشێلکردنی هیوا و ئاواتەکانی خەڵک بۆ بەهرەمەندبوون و چێژوەرگرتن لە ژیانێکی ئینسانی. بێ گومان ئەو خەڵکەی کە بەردەوام بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام، وەڵامی ویست داواکارییە سەرەتاییەکانیان دراوەتەوە، خەڵکێکی کە بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە مەبەستی پاساو کردن و ڕەوایەتیدان بە بێبەشیەکانیان، هەروا نازناوی ناوچەی کەم بەهرەمەند و بێبەش لە سەر شانیان قورسایی دەکات، جەماوەرێکی کە بەردەوام سێبەری بێکاری و هەژاری و زیانە کۆمەڵایەتییەکان باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە، خەڵکێکی کە بە ناچاری ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن و گیان و ژیانی خۆیان دەخەنە گرەوی بەدەستهێنانی پاروە نانێک، جەماوەرێکی کە بە ناچاری بەمەبەستی پەیدا کردنی کار، ڕێگای کۆچکردن هەڵدەبژێرن و سەختییەکانی دوورکەوتنەوە لە بنەماڵەکانیان تەحەمول دەکەن، ڕۆژی هەینی لە هاوپشتییەکی بەهێزدا، بە بایکۆتکردنی نمایشی هەڵبژاردنەکان، نیشانیان دا کە سوورن لەسەر خەبات و خۆڕاگریی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان و هەر جارە و هەنگاوێکی گەورەتر بەرەو پێشەوە هەڵدەگرن. ئەم جەماوەرە لە کردەیەکی هاوئاهەنگدا نیشانیان دا کە کوردستان هەروەک لە شۆڕشی ژیناشدا نیشانی دا، بەردەوام سەنگەری شۆڕشی ئێران دەمێنێتەوە. ئاشکرایە کە هێشتا تا گەیشتن بە سەرکەوتنی کۆتایی ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەپێشە، بەڵام هاودەنگی و یەکگرتوویی ڕۆژی هەینی لە وەڵام بە بانگەوازی بایکۆتکردنی ئەم نمایشی هەڵبژاردنە و بزاوتی هیوابەخشی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان، لە کردارێکی شکۆداری سیاسی دا، نیشانیدا کە کۆمەڵانی خەڵک خەریکن خۆیان بۆ نەبەردە چارەنووسسازەکانی داهاتوو ئامادە دەکەن

بە لام بایکۆتی نمایشی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان پێویستە لە پەیوەندی و هاوئاهەنگی لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری خەڵک لە سەراسەری ئێرانیشدا ببینرێت. ئاشکرایە کە ئەو ئامارانەی لە لایەن دام و دەزگای تەبلیغاتی ڕژیمەوە ڕایانگەیاندراوە، ساختە و ناڕاستن و بایکۆتی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی سەرتاسەریشدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەم بزاوڤە هاوئاهەنگ و سەرتاسەرییەدا توانیان هەنگاوێکی گەورە بە ئاراستەی پەراوێز خستن و ڕەتکردنەوەی سیستەمی گەندەڵ و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هەڵبگرن. ئەگەر ئەوەی کە ڕۆژی هەینی ڕوویدا، بخەینە چوارچێوەی «شۆڕشی بەردەوامی ژینا»وە، بێ گومان دەتوانێ ببێتە بنەمای شکڵگرتنی بزاوتێکی بەرینتر و تۆوی هیوا بە داهاتوویەکی گەشتر لە دڵەکاندا بچێنێت. داهاتوویەکی کە پێویستە هەر ئەم خەڵکەی کە قوربانییانی دەستی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین، بنیاتنەری بن

**کۆمیتەی ناوەندی**
**کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی**
**حیزبی کۆمۆنیستی**
**ئێران**
**١١ی ڕەشەممەی**
**١٤٠٢ی هەتاوی**
**ای مارسی ٢٠٢٤ی**
**زایینی**

****

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٤-نیوەی یەکەم ڕەشەممەی ١٤٠٢ -مارچ ٢٠٢٤


# بایکۆتکردنی نمایشی هەڵبژاردنەکان سەرەتای سەرکەوتنێکی گەورەترە لەپێناو ژیانێکی باشتردا




یەکەم: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەممە، نمایشی «هەڵبژاردن»ی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و مەجلیسی شارەزایانی ڕێبەریی (خوبرەگان) بەڕێوەچوو. هەروەک چاوەڕوان دەکرا کەش و هەوای ئەم نمایشە حکوومەتییە جگە لە شەرمەزارییەکی بەتەواو مانا بۆ حکوومەتی ئیسلامی ئێران هیچی تر نەبوو. جگە لە لایەنگران و داروودەستەی حکوومەت و کەسانی سەر بەو تاقمە، کەمتر کەسانێک لەم گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەدا دەرکەوتن بۆ ئەوەی مۆرکی ئەرێنی لەسەر درێژەدان بە ڕەوتی کارەساتباری بەردەوامبوونی حکوومەتی ئیسلامی بدەن. سەرەڕای هەموو جەختکردنەوە و هەڕەشە و فێڵ و فریو و خەرجکردنی پوولێکی زۆر و زەوەند بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، خەڵکی ئێران جارێکی دیکە ئەوپەڕی نەفرەت و بێزاری خۆیان لە کۆماری ئیسلامی نیشان دا. بانگەوازی بایکۆتکردنی نمایشی هەڵبژاردنەکان لەلایەن زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی وڵات، حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوە سنفییەکان، دامەزراوە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەگەڵ وەڵامدانەوەی بەربڵاوی جەماوەری خەڵک لە سەرتاسەری ئێران بەرەوڕوو بووەوە. ئەم بایکۆتە لە کوردستان زۆر بەربڵاوتر و لێبڕاوانەتر بوو.

ئێستا لە قۆناغێکداین کە ناوەندی سەرەکی دەسەڵات لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا تەنانەت ڕیسکی هێنانی ڕیفۆرمخوازانیش بۆ ناو گەمەی هەڵبژاردنەکان بە درووست نازانێت چونکە هەڵسەنگاندنەکانی ئەم قۆناغەی حکوومەت لەسەر بنەمای بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سیاسەتی دەرەوە و پرسی جێنشینی خامنەیی جەخت دەکاتەوە و حکوومەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانە، سیاسەتی بەرتەسک کردنەوەی هەرچی زیاتری بازنەی دەسەڵاتی هەڵبژاردووە. هەروەک پێشبینییەکانی پێش گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان دەریانخست، جگە لە دەست و پێوەندەکانی حکوومەت، هیچ کەس چاوەڕوانی بچووکترین گۆڕانکاری لەو ژیانە کارەساتبارەی ئێستادا نەدەکرد لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانی حکوومەتی ئیسلامییەوە. ئەگەر لە ڕابردوودا حکوومەتی ئیسلامی دەیتوانی بە فێڵ و فریوی جۆراوجۆر بەشێک لە خەڵک لە دەوری نمایشی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان کۆ بکاتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەت لە یەک دەیەی ڕابردوودا ئەم هاوکێشانە بە تەواوی بۆ حکوومەت تێکچووە و خەڵک و لەسەرەوەی هەمووان زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگا، گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنە واقیعییەی کە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ڕێگەی ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم حکوومەتە جینایەتکار و گەندەڵەوە دێتە ئاراوە و زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران چیتر ئامادە نین ببنە کەرەستە و ئامرازی شەرعیەتدان بە کەمینەیەکی جەلاد و تاڵانچی. بێ گومان ئەم سەرکەوتنە سەرەتای سەرکەوتنێکی گەورەتر و ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەبێت

دووەم. کوشتاری خەڵکی فەلەستین لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە، تا ئێستاش بابەتی سەرەکی میدیاکانی جیهانە. خۆسووتاندنی کارەساتباری ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئیسرائیل، ئەوە دەردەخات کە تووڕەیی و بێزاری خەڵک چ کاردانەوەیەکی بوێرانەی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەم حاڵەشەوە پشتیوانی بێ ئەملاو و ئەولای دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە تاوانەکانی دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل و کوشتاری دەیان هەزار ئینسانی مەدەنی و بێتاوان، ئاستی پابەندبوونی درۆینەی ئەو وڵاتانە بە مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان بە تەواوی ئاشکرا دەکات. لە ٢٣ی ژانویەوە تا ئێستا هاوکارییە مرۆییەکان بۆ باکووری کەرتی غەززە بە ڕادەیەکی زۆر کەم بووەتەوە، بەجۆرێک کە بەشێکی زۆر لە پەنابەران و لەوانە منداڵان، لەگەڵ دۆخێکی دژواری قات و قڕی بەتەواو مانا و گیان لەدەستدان بەهۆی برسێتییەوە بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەهۆی هێرشی جینایەتکارانەی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر ئاپۆرەی برسییەکان لە پەراوێزی باشووری ڕۆژئاوای شاری غەززە، ١٥٠ کەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە هەزار کەسیش بریندار بوون. قوربانیانی ئەم ڕووداوە خوێناوییە، چاوەڕێی گەیشتنی کاروانی خۆراک بوون کە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە کرانە ئامانج. لە هێرشێکی دیکەدا بۆ سەر کەمپی ئاوارەکانی «نوسرەت»یش، ٢٢ کەس گیانیان لەدەستدا. بەشێکی زۆری کوژراوەکان بریتی بوون لەو منداڵە برسیانەی کە لە ڕیزی چاوەڕوانیی ژەمێک خواردندا وەستا بوون. نزیکەی پێنج مانگە کە هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل هەموو سنوورەکانی تاوانە جەنگییەکانیان بەزاندووە و لە دۆخێکدا کە جیهان بەردەوام و بە ئاشکرا شایەتی ئەو جینۆسایدە کارەساتبارەیە، لایەنگرانی درێژەدان بەو تاوانە بێبەزەییانە بە سەرکردایەتی دەوڵەتی ئەمریکا، لە پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی ئاگربەست تەنانەت بە شێوەیەکی کاتیش لە شۆڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ویتۆی دەوڵەتی ئەمریکا ڕێگری دەکەن. تا بەر لە جینایەتەکەی ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ هەزار و ٣٥ کەس کوژراو و زیاتر لە ٧٠ هەزار کەسیش بریندار ببوون. لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگدا، باکووری غەززە بە تەواوی وێران بووە و زیاتر لە یەک ملیۆن مەتری چوارگۆشە ڕێگاوبان و ٦٠./ی سەرچاوە ئاوییەکانی غەززە، بەتەواوی لەناوچوون، ئەرتەشی ئیسرائیل پەنجا و پێنج هەزار داریان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشاوە بۆ ئەوەی شوێنەواری ژیان بە تەواوی لەم ناوچەیە بسڕێتەوە؛ ئەشکەنجە و ئازاری سیستماتیکی دیلەکانی شەڕ، هێرشکردنە سەر کەمپەکانی پەنابەران، بە ئامانجگرتنی نەخۆشخانەکان، ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێرشکردنە سەر ناوچە ئەمن و ئارامەکان و کوشتاری بێ پسانەوەی منداڵان، دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی دەستبەسەرکراو، وێرانکردن و دزینی موڵک و ماڵی ئاوارەکان، بڕینی هێڵەکانی پەیوەندی، برسیکردنی زۆرەملێی ئاوارەکانی غەززە (نزیکەی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس لەگەڵ برسێتی دەست و پەنجە نەرم دەکەن و نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بەهۆی نەبوونی دەوا و دەرمان و لەکارکەوتنی نەخۆشخانەکان، لەنێو منداڵان و بەساڵاچوواندا بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە) و هتد... هەمووی ئەمانە ڕووخساری جینۆسایدێکی فاشیزمی بەتەواو مانای خستۆتە بەردەم جیهان. هاوکات لەگەڵ بەردەوامی کوشتار لە غەززە، ئیسرائیل هێرشەکانی خۆی بۆسەر قوڵایی خاکی لوبنان پەرەپێداوە. خەون و خولیای ئیسرائیل بۆ بەرفراوانکردنی خاکی وڵاتەکەی، دوای وێرانکردنی غەززە، ئێستا لوبنانی وەک بەرەی شەڕی داهاتوو کردۆتە ئامانج. هەوڵ و دانوستانەکانی میسر، قەتەر و ئوردن لەگەڵ ئەمریکا بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئاگربەست، بەهۆی کاردانەوەی توندی ئیسرائیل، بە تایبەت سەرپێچییەکانی خودی نەتانیاهۆ، نەگەیشتووەتە هیچ ئاکامێک. واقیعییەتێکی دیکە ئەوەیە کە بزووتنەوەی جیهانی دژە شەڕ، سەرەڕای خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە بەردەوام و شکۆدارەکان، نەیتوانیوە بەر بە جینایەت و داگیرکارییەکانی ئیسرائیل بگرێت و دەوڵەتی ئەمریکا و ئورووپاییەکانیش توانایی گوشار خستنە سەر دەوڵەتی ئیسرائیلیان نییە. لە بەستێنێکی وەهادا مرۆڤ دەتوانێ شاهیدی گەشەی ڕەوتگەلێکی بناژۆخواز و توندڕەوی وەک حەماس و هاوشێوەکانی بێت لە نێو لاوانی فەلەستینیدا، کە ئەوەش دەبێتە کێشەیەکی نوێ لە ناوچەکەدا

سێیەم. مانگرتنی کرێکارانی فولادی خەزەر، درێژەی ناڕەزایەتی کرێکارانی فولادی ئەهواز سەبارەت بە بەستنی کارتی چوار کەس لە هاوکارەکانیان، کۆبوونەوەی کرێکارانی بەرهەمهێنانی «کەک» لە کارگەی تەبەس، بایکۆتی خۆراک لەلایەن کرێکارانەوە بۆ چەندەمین جار لە فولادی قەزوێن دوابەدوای ژەهراوی بوونی چەند کەس لە هاوکارەکانیان، کۆبوونەوەی کرێکارانی چاپ و بڵاوکردنەوەی زانستی و فەرهەنگی لە بەردەم ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کۆبوونەوەی سەرتاسەری پەرستاران، کۆبوونەوەی کرێکارانی شارەوانی ئیلام، ناڕەزایەتی کرێکارانی شارەداریی ڕودبار و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی مێترۆی تاران، لە زومرەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکانی ئەم هەفتەیە بوون کە تەنیا بەشێکن لە هەوڵ و تێکۆشانی بزووتنەوەی داواکاریی تەوەری چینی کرێکار. لە هەفتەی ڕابردووشدا شاهیدی کۆبوونەوەی خانەنشینانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، فولاد، پەیوەندییەکان، خانەنشینانی کیشوەری، خانەنشینانی پیشەسازی نەوت لە ئەهواز و ناڕەزایەتی خانەنشینانی بەشی بێهداشت و دەرمان، سەبارەت بە دواکەوتنی ١٨ مانگی داواکارییەکانیان و هەروەها کۆبوونەوەکانی سەر شەقام و ناڕەزایەتی خانەنشینانی سندووقی خانەنشینی بووین. ڕەهەندە بەربڵاو و بەردەوامەکانی ئەو ناڕەزایەتیانە، ئاوێنەیەکی باڵانوێنە کە ئاستی تاقەت پروکێن و لەڕادەبەدەری هەژاریی، ناڕەزایەتی بێ ئەوپەڕ و کەڵەکەبوونی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری کێشە و گرفتەکانی بژێوی زۆرینەی بێبەشانی کۆمەڵگاکەمان نیشان دەدات

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژەی لاپەڕەی ٣

حەقدەستی کەم، لەخوارەوەبوونی مووچەی خانەنشینی، نائەمنی شوێنی کار، نەبوونی بیمەی تەندروستی، گرێبەستی سپی، حەقدەستە وەدواکەوتووەکان، سەعات کاری درێژماوە، کاری سەخت و تاقەت پروکێن بەبێ بوونی ئەمنییەتی شوێنی کار، گەندەڵی بەربلاو و زوڵم و ستەمی سەرمایەداران، لە زومرەی هۆکارەکانی شکڵگرتنی ئەو خەبات و ناڕەزایەتییە کرێکاریانەن. ناڕەزایەتییەکی کە بە سەرکوت و توندوتیژی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامییەوە وەڵام دەدرێتەوە. حکوومەت مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی سنفی لە کرێکاران زەوت کردووە و ژیانێکی مەینەتباری چەند قات لەژێر هێڵی هەژاریدا بەسەردا سەپاندوون. هەڵاوسانی نزیک لە پەنجا لەسەدیش بە نۆبەی خۆی دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانە و سەرەتاییەکانی چینی کرێکار و کەمدەرامەتی کردووە بە شتێکی مەحاڵ و هەروەها دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراکی گونجاو، دەست پێڕاگەیشتن بە بێهداشت و دەرمانی کاریگەر و خوێندن و پەروەردەیەکی خاوەن کوالێتی بەرزی لە زۆربەی هەرەزۆری خەڵک زەوت کردووە. ڕژیمی ئیسلامی لە ٤٥مین ساڵی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا، تەنانەت توانایی دابینکردنی هەوایەکی پاک و کەشێکی هەناسەدانی شیاویشی لە وڵاتدا نییە. کەمترین شار لە ئێراندا هەیە کە لەگەڵ کێشەی پیسبوونی هەوا بەرەوڕوو نەبێت. بەم ئەم دۆخە کارەساتبارە، پێویستە ژمارەی بێکاران و ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە و گەنج و لاوە بێکارە خوێندەوارەکانیش زیاد بکرێت بۆ ئەوەی تەواوکەری وێنەکە بێت. بەشدارینەکردنی کۆمەڵانی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی و چینی کرێکار بە تایبەتی لە پرۆسەی گاڵتەجاڕی بەناو هەڵبژاردنی حکومەتدا دەکرێ لە چوارچێوەی ئەو دۆخەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت. ئەو جەماوەرەی کە ژیان و خۆشگوزەرانی کەمینەیەکی سەرمایەداری مشەخۆر، بەرپرسە گەندەڵ و تاڵانچیەکانی حکوومەت، سەرکردە جینایەتکارەکانی سپا و ئاخوند و ئاغازادەکانیان دەبینن، شاهیدی گەندەڵی بەربلاو و تاڵانکردنی موڵک و ماڵی گشتین؛ بێ مافی و بێبەری بوون لە مافی بەدواداچوونی ویست و داواکارییەکانی بژێوی ژیانی خۆیان دەبینن؛ سەرەڕۆییە نیزامییەکانی حکوومەت لە ناوچەکەدا، پڕچەککردن و یارمەتییە داراییەکانی ڕژیم بە تاقم و گرووپە کۆنەپەرست و تیرۆریستییەکانی ناوچەکە و بەفیڕۆدانی موڵک و ماڵی گشتی وڵات دەبینن؛ هەربۆیە بە ڕێکەوت نییە کە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی گاڵتەجاڕانەی دەسەڵاتێکی لەو شێوەیەی نەکردووە. موچەخۆران و خانەنشینان لە دروشمەکانی کۆبوونەوەکانیاندا، ئەم ڕۆژ ڕەشی و نەهامەتییە و تاوانبارەکانی بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز ڕادەگەیەنن. سکی برسی منداڵی کرێکارێکی بێکار، بە سەرکوت و ترس و تۆقاندن تێر نابێت، هەربۆیە سەرەڕای بوونی سەرکوتی بەربڵاو، شاهیدی پەرەسەندنی ڕەوتی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی داواکاری- تەوەری چینی کرێکارین. بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران دەتوانێت لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەم قەیرانە بەرینە کۆمەڵایەتییە بکاتە دەرفەتێک بۆ خۆڕێکخستن و شکڵ پێدان بە هێزی کرێکاریی لە مەیدانی خەباتی چینایەتیی ئێستادا. یەکەم قۆناغی ئەم خەباتە چارەنووسسازە، بریتییە لە یەکخستنی خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و گرێدانی بزووتنەوەی کرێکاریی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی دژ بە ستەمی نەتەوەیی، بزووتنەوەی ژینگەپارێز، بزووتنەوەی نووسەران و هونەرمەندان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی دژی ئێعدام و دادخوازی، کە سەرجەمیان ڕیشە و سەنگی کۆمەڵایەتی و مێژووییان هەیە و بە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کرێکاریی دادەنرێن. ئەم هاوپەیمانی و یەکگرتووییە دەتوانێت ئەگەر و دەرفەتی لەبار و کاریگەر بۆ خەباتی دەستەجەمعی و هاوبەش بڕەخسێنێ و چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە بە ئاراستەی پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی سەر بە زۆرینەی ڕەها بە مەبەستی تێپەڕبوون لە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی و ڕزگاربوون لە دەست ستەم و هەڵاواردن و بێعەداڵەتی و چەوسانەوە و هەروەها بۆ دامەزراندنی ئازادی و دێموکراسی و سۆسیالیزم، فەراهەم بکات

**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران(ڕاهی کارگەر)**

**١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٢**
**٢ی مارسی ٢٠٢٤**

****

# منداڵان بێمافترین و ستەملێکراوترین بەشی کۆمەڵگای ئێرانن

منداڵان لە ئێران بێمافیترین وستەملێکراوترین بەشی کۆمەڵگای ئێرانن. بەڵام پشکی سەرەکی ئەم ستەم و بێمافییە بەر منداڵی بنەماڵە کرێکاریی و کەم داهاتەکان دەکەوێت. هەژاریی بنەماڵە هەر لە سەرەتای شکڵگرتنی منداڵ لە سکی دایکیدا و پێش لە دایکبوون دەست پێدەکات. کاتێک دایکێک لە کاتی دووگیانیدا لەو خۆراکە تایبەتانە بێبەشە کە پێویستن بۆ گەشە و تەندروستی منداڵەکە، کاتێک دایک لە کاتی دووگیانیدا پێویستی بە چاودێری پزیشکی تایبەت دەبێت و دەستی پێناگات و کاتێک بەردەوام لە خەمی داهاتووی منداڵە هێشتا لە دایک نەبووەکەیدایە، بە کردەوە هەژاری و کەموکوڕییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ کۆرپەڵەکەی ناو سکی. لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ، کێشەی نوێ دەست پێدەکات. لە ئاکامی بەرزبوونەوەی نرخی شیر و خۆراکە پێویستەکان، شیری دایک دەبێتە تاکە سەرچاوەی خۆراک بۆ منداڵ. بەڵام دایکێک کە بۆخۆی تووشی بەدخۆراکییە و ماددە پێویست و بەسوودەکان بە جەستەی ناگات، چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی شیرەکەیەوە پێداویستییە خۆراکییەکانی منداڵێکی کە لەحاڵەتی گەشەسەندندایە دابین بکات؟ بەم شێوەیە کەمی ویتامین و ماددە خۆراکییەکان کە دایک لێی بێبەش دەبێت، ڕاستەوخۆ بۆ منداڵەکەش دەگوازرێتەوە. ڕێژەی مردنی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵ لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە دواکەوتووە سەرمایەدارییەکانی دیکە زۆرە و بە پێی ئامارە فەرمییەکان، نزیکەی ٣٪ی منداڵان لە ئێران هەرگیز شانسی گەیشتن بەو تەمەنەیان نابێت

منداڵێکی کە لەو تەمەنەدا لە چنگی مەرگ ڕزگاری بوو، ئەمجار دەبێتە هاوبەشی هەژاری و بێبەشی بنەماڵەکەی و بەکردەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئازار و گرفتانە دەبێتەوە کە بنەماڵەکەی لەگەڵیدا بەرەوڕوون. نەبوونی باخچەی ساوایان، چاودێری و ئاگالێبوونی ڕۆژانەی منداڵان بە تەواوی دەخاتە سەر شانی دایک و باوک و ئەندامانی بنەماڵە. بەڵام ئەوانەی بۆخۆیان گرفتار و سەرقاڵی کار و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەن، نەک هەر دەرفەتی وەڵامدانەوە بە پێداویستییە جەستەیی و دەروونییە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونەکانی منداڵیان نییە، بەڵکوو ماندوێتی و شەکەتی و تووڕەییەکانی ڕۆژانەی ململانێ لەگەڵ ژیانیشدا، دەگوازنەوە بۆ منداڵەکە. منداڵیی، بریتییە لە سەردەمی گەشەکردنی جەستە و دەروونی مرۆڤ. بەڵام پێویستییەکانی ئەم گەشەکردنە، بریتییە لە بەهرەمەندبوون لە تەندروستی و خۆراکی گونجاو و پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مافەکانی تری مرۆڤ. یاریکردن و کات بەسەربردن و هەبوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ ژیانێکی خۆش لە چوارچێوەی ماڵدا کە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی منداڵ، بۆ زۆربەی هەرەزۆری منداڵانی بنەماڵە کرێکار و زەحمەتکێشەکانی شار و گوندەکان، ئاواتێکیە کە هیچکات بەدی نایەت. لە دۆخێکی وادا منداڵ بە ناچاری ڕوو لە کوچە و شەقامەکان دەکات و تێکەڵ بە هاوتەمەن و هاوچارەنووسەکانی دەبێ و جەستەی ناسکی، لەگەڵ مەترسی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بەرەوڕوو دەبێتەوە. دوای تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پڕ لە دژوارییە، دەگەنە تەمەنی چوون بۆ قوتابخانە. کەم نین ئەو بنەماڵە زەحمەتکێشانەی شار و گوندەکان کە ناتوانن پێداویستییەکانی چوونی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە دابین بکەن و ڕێگای فێربوون و بەدەستهێنانی پیشەیەک بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویان فەراهەم بکەن. کەم نین ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی ١٠بۆ١٢ ساڵیدا ناچار دەبێ بۆخۆیان لە فکری دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیاندا بن و تەنانەت ئەرکی دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەشیان دەکەوێتە ئەستۆیان. منداڵانی گوندەکان لەو تەمەنەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشێک لە کاروبارەکانی ناو ماڵ و مەزرایان دەکەوێتە سەرشان. کارکردن لە ناوەندەکانی فەرش چنین، کارکردن لە کارگە بچووکەکان، کارکردن لە مەزراکان، دەستفرۆشی، و بۆیاغچێتی و هتد، لە زومرەی دیاردە زۆر باوەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئێرانن


بەڵام منداڵان لە قوتابخانەش، هەڕەشەی مەترسی تریان لەسەرە. کچانی کەم تەمەن هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە دەبێت سەرپۆش بەسەردا بدەن و لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان جیابکرێنەوە. فێری ئەوە دەکرێن کە پێوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕان کارێکی خراپە. هاوکات لەگەڵ حیجاب و بێبەشبوونی کچان و کوڕان لە یاریکردنی لەگەڵ یەکتر، پەروەردەی ئایینی دەست پێدەکات. کتێبەکانی خوێندن پڕن لەو جۆرە فێرکاریانە و منداڵان ناچارن لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە ڕێوڕەسمە ئایینیەکان ئەنجام بدەن و بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بکەن. بەم شێوەیە ڕێگە نادەن منداڵان بەبێ گوێدانە بیروباوەڕ و خوڕافاتە ئایینییەکان، پەروەردە بکرێن و فێری زانست بن و بتوانن لە داهاتوودا بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی خۆیان، بۆخۆیان دیاریبکەن. منداڵان لەو پۆلانەدا کە زۆربەیان تەنگ و قەرەباڵغن و لە هەوایەکی پاک و تەندروست بێبەرین، دادەنرێن. ئەوان دەبێ گوێ لە قسەی ئەو مامۆستایانە بگرن کە زۆرجار بەهۆی کێشەی بژێوی ژیانیانەوە، تاقەتی ئەوەیان نییە بەشێوەی پێویست دەرس بە منالەکان بڵێنەوە و بەردەوام چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی کاتی دەوامن. جگە لەو هەموو بێبەشی و بێمافییە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هاوسەرگیری کچانی کەم تەمەن، پرسێکی شەرعی و یاساییە. کەم نین ئەو بنەماڵانەی کە توانایی و ئیمکانی دابینکردنی بژێوی ژیانی کچە کەم تەمەنەکانیان نییە و بە ناچار ڕازی دەبن کچەکانیان لەگەڵ کەسانێک هاوسەرگیری بکەن کە زۆر لە خۆیان بە تەمەنترن و زۆربەیان تەنانەت لە تەمەنی تازە لاویدا، دەبنە خاوەنی منداڵ. ئەم دۆخە جێگەی شەرمەزارییە کە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە واتای دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان و بە تاوانێکی قورس دادەنرێت، لە ئێرانی ئەمڕۆدا، پرسێکی یاسایی و ئاساییە. ئاشکرایە کە منداڵان بۆخۆیان توانایی گۆڕینی ئەو بارودۆخە ترسناکانەیان نییە و هیچ مرۆڤێکی شەریفیش نایەوێت منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە لە دۆخێکی ئاوا مەینەتباردا ببینێت و خوازیاری گۆڕینی ئەو دۆخە نەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، چارەنووسێکی چارەهەڵنەگری منداڵان نییە. ئەم دۆخە دەتوانێت و دەبێ بگۆڕێت. بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە و ڕزگارکردنی منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە لە ئاوا چارەنووسێک، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لە خەبات و یەکگرتوویی لە دژی ئەو ڕژیم و نیزام و پەیوەندیانەی کە منداڵانی بێتاوانی ئێمەی ئاوا بێبەزەییانە لە مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی خۆیان بێبەش کردووە

****

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی پەروەردەی زمانی دایکی

ڕۆژی چوارشەممە، دووەمی مانگی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیی بوو. ڕۆژی ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ی زایینی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی بەنگالی زمان لە زانکۆی داکا پایتەختی بەنگلادیشی ئێستا و پاکستانی ڕۆژهەڵاتی ئەوکات، لە نارەزایەتی بەرامبەر بە سەپاندنی زمانی «ئوردو»، وەک زمانی فەرمی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی پاکستان و بە ئامانجی بە فەرمی ناساندنی زمانی دایکی خۆیان (زمانی بەنگالی) لە حەساری زانکۆدا خۆپیشاندانیان کرد. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی پاکستانەوە کەوتەبەر دەستڕێژی گوللە و لەو جینایەتەدا، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و خوێندکاران گیانیان لەدەستدا یان بریندار بوون. درێژەی خەباتی خەڵکی بەنگالی زمان بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧١ بەنگلادیش لە پاکستان جیا بێتەوە و ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ. ڕۆژی ١٧ی نوامبری ساڵی ١٩٩٩ی زایینیی، ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستیی و فەرهەنگیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، یونسکۆ، پێداگری لەسەر پێویستی پەروەردەی زمانی دایکی وەک مافێکی شارۆمەندی و جیهانی کردەوە. هەروەها پێشنیاری فەرمیی دەوڵەتی بەنگلادیشی بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ٢١ی فێوریەی وەک «ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی» قبوڵ کرد. ١٨٨ وڵاتی ئەندامی یونسکۆ، لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران دەنگی ئەرێیان بەو پێشنیازە دا. دوابەدوای ئەوە، بۆ یەکەمین جار مەراسیمی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی لە مانگی فێوریەی ساڵی ٢٠٠٠ لە پاریس، بە بەشداری نوێنەرانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان و زماناسان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی، لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە بەڕێوەچوو. لەو کاتەوە لە زۆرێک لە وڵاتەکان ساڵانە بەم بۆنەیەوە مەراسیم بەڕێوەدەچێت

کۆماری ئیسلامی کە یەکێکە لە واژۆکارانی ئەم بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی ڕژیمیشدا، پەروەردە بە زمانی دایکی بە فەرمی ناسراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بە کردەوە، بە ملیۆنان منداڵ کە زمانی دایکیان فارسی نییە، لە قوتابخانەکاندا لەم مافە سروشتییە بێبەش کراون. ئەڵبەت هۆکاری ئەم کارەی ڕژیم ڕوونە. کۆماری ئیسلامی بە شێوازی پێشینیانی خۆی، پەروەردە بە زمانی دایکی، بە پرسێکی مەترسیدار بۆ «یەکپارچەیی خاکی ئێران» دەزانێت، ئەکادیمیستە شوونیستەکانیش ئەم بابەتە بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر زمانی فارسی و پیلانگێڕیی بەمەبەستی لاوازکردنی ئەم زمانە دادەنێن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش، هاوشێوەی ڕژیمی شا، بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە، هەوڵی دروستکردنی یەک فەرهەنگ و یەک زمان و گەیشتن بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی ساختەی ئێرانی دەدات. ئەم سیاسەتە ئەگەر لە سەرەتای زاڵبوونی سیستەمی سەرمایەداریی لە ئەوروپا و هەروەها وڵاتانی کۆلۆنیالیزمی ژێر هەژموونی ئەو وڵاتانەدا، ڕێگایەک بوو بۆ یەکسانکردنی کۆمەڵگاکان لە هەندێک ناوچەی جوغرافیایی دیاریکراودا، دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوەکان و پێکهێنانی بازاڕی کار و کاڵای ناوخۆیی، لە سەردەمی جیهانگیریی سەرمایە و سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیی دووەمدا،




بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست لە خزمەت پاراستنی هەژموونی داروودەستە مافیاییە دەسەڵاتدارەکاندایە لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ئەگەرچی بێبەشکردنی منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایکی، کارێکی سەرکوتگەرانە و دژە دیموکراتیکە، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە پرسێکی دەروونناسی و کارناسانەیە لە بواری پەروەردە و بارهێناندا. لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریی لە ئێراندا دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو پێنج میلیۆن خوێندکارەی کە لە ٨ ساڵی ڕابردوودا لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچوون، ئەو منداڵانەن کە زمانی فارسی، زمانی دایکی ئەوان نییە. ئەم ئامارە سادەیە بە ڕوونی پێویستیی پەروەردە بە زمانی دایکی نیشان دەدات.

زمانی دایکی ئەو زمانەیە کە منداڵ لە دایک و باوک و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی فێری دەبێت. لێکۆڵینەوە بایۆلۆژی و دەروونناسییەکان دەریدەخەن کە منداڵ تەنانەت پێش لەدایکبوونیش لەگەڵ زمانی دایکی خۆی ئاشنا دەبێت و بە بیستنی دەنگی دایکی، هەست بە ئارامی دەکات. هەنگاو بە هەنگاو هەست و سۆزەکانی بە یارمەتی زمانی دایکی شکڵ دەگرن. بە یارمەتی زمانی دایکی، جیهانی دەوروبەری خۆی دەناسێت و پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکات. هەستیارترین قۆناغی ژیانی، کە بناغەی ژیانی داهاتوویەتی، لە نێوان تەمەنی پێنج بۆ حەوت ساڵیدا بە هاوکاری زمانی دایکی تێپەڕ دەکات و بناغەکانی کەسایەتی ئەو، هەر لەم قۆناغەدا بنیات دەنرێت. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، قەدەغەکردنی خوێندن لە منداڵان و لاوان و تازە لاوان بە زمانی دایکی و لە هەمان کاتدا لەبەرچاونەگرتنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتێکی ئەو خەڵکەی کە بە درێژایی سەدان ساڵ بەرهەم هاتووە و دەوڵەمەند کراوە، بەشێکە لەو ستەم و هەڵاواردنەی کە بەسەر ئەو نەتەوانەدا دەسەپێندرێت کە لە جوگرافیای ئێراندا دەژین

****

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# کوردستان، خەباتی نەتەوەیی («یان» «و») خەباتی چینایەتی؟



**ن : جەماڵ بزورگپوور**

پیتی «یان» لەو ناونیشانەی سەرەوەدا ئاماژەیە بۆ دابڕان و دووری ئەو خەبات و نارەزایەتییانە و دوو واتای جیا لەیەک دەگەیەنێت، دابڕانێک کە لەگەڵ واقیعەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا یەک ناگرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەم دابڕانە، لە قۆناغەکانی یەکەمدا ستراتیژی خەباتی نەتەوەیی و پاشان خەباتی چینایەتی، شکڵی گرت، لە کاتێکدا پیتی «و» تێکەڵبوون و لێک هەڵپێکرانی ئەو خەباتانە (نەتەوەیی و چینایەتییە) بەلەبەرچاوگرتنی پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان نیشان دەدات و ستراتیژییەکی دیکە بۆ بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان پێکدەهێنێت. بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین هێنانی ئەم پیتانەی «یا» و «واو» لە وەسفی خەباتەکانی کوردستاندا بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازییەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کوردستانە، کە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ڕێگای گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانیان و لەوانە ستەمی نەتەوەییش. ئەم بابەتە دەیهەوێت بە ڕەخنەگرتن لە ستراتێژی جیاکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لە کوردستان، هۆکارە بابەتیی و ماددییەکانی لێکهەڵپێکرانی ئەم خەباتانە شی بکاتەوە و بە پشتبەستن بەو هۆکارانە بڵێت کە بۆچی جیاکردنەوە یا (قۆناغ بەندییە)کانی ئەم خەباتانە بە کردەوە کاریگەری خۆیان لەدەستداوە و دارشتنی ستراتێژ لەسەر ئەم بنەمایە، تەنانەت لە ڕێگەی خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی کە بە ڕواڵەت یەکێکیشە لە ئەولەوییەتەکانی، کارساز نابێت

***بەڵام قسە لەسەر کام ئاڵوگۆڕە؟**

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا و ڕاپەڕینەکانی پێش ئەو و بەتایبەت لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا بە ڕوونی نیشانی دا کە ناوەندی سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لە ئێراندا ناوچە پەراوێزخراوەکان و هەروەها گەڕەکە کرێکاری و پەراوێزنشنینەکانە. ئێمە ئەم بابەتە لە کوردستانیش دەبینین. هەڵبەت گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە بە ڕێکەوت نییە، بەڵکوو نیشانەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دیکەیە کە لە ناخی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانیشدا شکڵی گرتووە. لە وەها بارودۆخێکدا هێزی بزوێنەری گۆڕانکاری لە بارودۆخی هەنووکەیی، نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە جیهاندا لە لایەن کرێکاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاوە پێکدێت، بۆیە بێ هۆ نییە کە لە ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەدا نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە دەرەوەی ئێران، لە ڕاپەڕینە ناوچەییەکان لە ماوەی لانیکەم یەک دەیەی ڕابردوودا (لەوانە ئەوەی کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا)، شاهیدی حزووری بەرچاوتری چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا بووین، کە بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵگری داواکاریی بژێوی بوون. بە زۆر هۆکاری واقیعی، لە ئەنجامی ئەم پێشهاتانەدا، ئەم چین و توێژانە زۆر لاواز و هەستیارتر بوون، هەر بۆیە خواستی گۆڕینی دۆخی هەبوو، بووەتە یەکێک لە گرنگترین ویست و داواکارییەکانیان. ئەڵبەتە ئەگەر ئەم ئاخێزانە ئاکامی دڵخوازی ئەم چین و توێژەی لێنەکەوتەوە، خۆی لەخۆیدا هۆکارگەلێکی تری هەیە کە ناتوانێت خودی گۆڕانکاری لە پێوەندییەکانی هەبووی ناو کۆمەڵگا بشارێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی درێژە بە باسەکە بدرێت، پێدەچێت پێویستە زیاتر لەسەر ئەم ئاڵوگۆڕە بدوێین، ئەگەرچی ئەم قسە لەسەرکردنە وا دەر بکەوێت کە زۆر تێر و تەسەلیش نەبێت، کە ئەوەش پەیوەندی بە هێزی قەڵەمەوە هەیە، بەڵام هەر بەم ڕادەیەش، دەتوانێت باسەکە بەو ئاراستەیەدا ببات کە ڕەنگە بتوانێت باشتر ماناکە بگەیەنێت. ئەو ئاڵوگۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی سیاسەتی ئابووری سەرمایەداری کە بە نیولیبرالیزم ناسراوە، بەکورتی نیولیبرالیزم کاردانەوەی سەرمایەداری بووە بەرامبەر بە قەیرانە ئابوورییەکانی دەیەی ١٩٧٠. کە لایەنگرانیان بانگەشە بۆ ئەو کێبڕکێی ئابووری و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتەکان دەکەن. هەروەها جەخت لەسەر بەهاکانی وەک خاوەندارێتی تایبەت، پەرەپێدانی تاکگەرایی، ڕوانگەی ئەزموونی و کراوە، تێڕوانینی جیهانی، گەشبینی بۆ داهاتوو و جەختکردنەوە لەسەر گۆڕانکاری و بنیاتنانی جیهانێکی باشتر دەکەنەوە. بێگومان ئەم بۆچوونە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سەرنجڕاکێشترە، بەڵام بەو پێیەی ئابووری لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیا ناکرێتەوە، بێ گومان دەرئەنجامەکانی نیولیبرالیزم لە بوارەکانی دیکەی مرۆییشدا ڕەنگ دەداتەوە. بەڵام با ئێستا بڵێین هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕێگان و تاچەر لە ئەمریکا و بریتانیا لە ١٩٨٠دا، خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا. ئەوان ڕێچکەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەکانی پێشوویان گرتەبەر، هەوڵێک درا بۆ ئەوەی بە تایبەتکردنی بەربڵاوتر و بچووککردنەوەی قەبارەی دەوڵەت، کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و دەستێوەردانەکانی لە ئابووریدا، کەمکردنەوەی تێچووی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی دەوڵەتەکان و متمانەکردن بە میکانیزمی بازاڕ بێتە دەستووری کاریانەوە. بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە کاردانەوە و خۆڕاگرییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام بەتایبەتی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەخێرایی بوو بە گوتاری باڵادەست لەسەر ئاستی جیهان و زیاتر لە سێ دەیە سیاسەتمەداران هەوڵ دەدەن تەکلیفی خۆیان لەگەڵ نیولیبرالیزمدا یەکلایی بکەنەوە. ڕەخنەکان لەو بابەتەوە کەم نین، بەتایبەتی کە نیۆلیبرالیزم زیاتر لە ڕابردوو بنەمای زیادبوونی نایەکسانی و کەلێنی چینایەتی خۆش دەکات و ئەم زیادبوونی نایەکسانیەش بە هەڕەشەی دەستبەجێ بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت. ئەمڕۆ دوای دەیان ساڵ وا پێدەچێت خۆری نیولیبرالیزم ئاوا بووبێت. تا ئەو جێگایەی کە بەکارهێنانی مانای نەرێنی و سووکایەتی پێکەری نیولیبرالیزم ئەوەندە باو بووە کە تەنانەت زۆرێک لە لایەنگرانی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد پێیان باشە بۆ وەسفکردنی سیاسەتەکانیان ناوی تر بەکاربهێنن. بەڵام سەرەڕای هەر لێکدانەوەیەک، لە واقیعدا ئەم سیاسەتە ئابوورییە، دابەشکردنەوەیەکی بەرفراوانی سەروەت و داهاتە لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار لە بەرامبەر زیادبوونی هەژاریی چینەکانی خوارەوە و لە ئابووریی ناوخۆیی و هەروەها بەستنەوەی ئەم چینانە بە سەرمایەداری جیهانییەوە، بەکار دەهێنرێت

***ئەم ئاڵوگۆڕە لە ئێران**

با لێرەدا، کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتە ئابوورییە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بخەینە بەرباس. ئەم سیاسەتە ئابوورییە لە ساڵانی پێش کۆتایی هاتنی شەڕ لە ئێران (ساڵی ١٣٦٨) ڕێگەی خۆی کردەوە، حکوومەتی ئەو سەردەمە (حکوومەتی هاشمی) پێداچوونەوەی بە سیاسەتە ئابوورییەکاندا کرد و لە سیاسەتەکانی دەیەی یەکەمی شۆڕشەوە گۆڕانی بەسەردا هات ( ئابووری دەوڵەت) بۆ کۆمەڵێک سیاسەت بە مێحوەرییەتی بەرنامەکانی نیولیبراڵەکان. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش ئەم مەسەلەیە، واتە بازاڕ یان ئابووری دەوڵەت، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکانی ناوخۆیی دەسەڵاتی پێکهێناوە، کە لە ململانێی باڵەکانی ناو حکومەتدا بۆ چۆنیەتی پاراستن و درێژەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەبینرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم دۆخە، سیاسەتی نیولیبراڵ لە هەر حاڵەتێکدا کەم و زۆر پێگەی خۆی کردۆتەوە. ئەگەر چاوێک بە پێشینەی بەرنامە ئابوورییەکانی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا بخشێنین، هێشتا بە هۆکاری جۆراوجۆر، لەوانەش ئەم خۆڕاگریانە، بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا، تێکەڵبوونی بازاڕە داراییەکانی ئێران لە بازاڕی جیهانیدا نابینین. هۆکارەکەی ڕوونە، کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا لەگەڵ سیاسەتی نیولیبراڵی ئابووریدا ناکۆک و دژ بە یەکە. ناوەندی دەسەڵات لە ئێران، گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو جۆرە بە پێچەوانەی مانەوەی خۆی دەبینێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە تایبەت لە بواری پەیوەستبوون بە بازاڕی جیهانییەوە، تەنانەت تا ئەمڕۆش خۆڕاگریی دەکات. ئەم خۆڕاگرییە لە گۆڕەپانی ناوخۆییشدا بەرچاو دەکەوێت. لە هەر حاڵدا، لە بواری ئابووریدا لە ئێران، لانیکەم لە ٣ دەیەی ڕابردوودا، بووەتە هۆی بەهێزبوونی چینی باڵادەست

**درێژە لە لاپە ڕە ی ٧**

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٤-نیوەی یەکەم ڕەشەمەی ١٤٠٢ -مارچ ٢٠٢٤

درێژە ی لاپەڕەی٦

لە کۆماری ئیسلامیدا و لاوازبوونی پێگەی کرێکاران و مووچەخۆران و هەژار بوونی هەرچی زیاتری بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا. بەپێی ئاماری ناوەندی نێودەوڵەتی (پەیمانگای خزمەتگوزاری دارایی و بانکی سوئیس)، ژمارەی ئەو کەسانەی کە سامانیان یەک ملیۆن دۆلار یان زیاتر بووە لە ئێران، لە ساڵی ٢٠٢٢دا گەیشتووەتە ٢٤٦ هەزار کەس. ژمارەی ملیۆنێرەکانی ئێران لەمساڵدا ١٠٤ هەزار کەس زیادی کردووە کە یەکسانە بە ٧٣٪ لە چاو ساڵی پێشوودا. ژمارەی ملیۆنێرەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١ بە ١٤٢ هەزار کەس مەزەندە کراوە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ئێران لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ملیۆنێرەکانییەوە ساڵی ٢٠٢٢ لە پلەی دووەمی جیهاندا بووە، لە کاتێکدا برزیل لەم ڕووەوە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی خەملاندنەکانی حکومەت لە باشترین حاڵەتدا لەسەدا ٦٠ی خەڵک لە هێڵی هەژاری نزیکن. بە یەک وشە مرۆڤەکان زیاتر لە ڕابردوو لە دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان دوور کەوتوونەتەوە

لەمڕووەوە دەکرێ بڵێین سیاسەتی نیولیبراڵ واقیعێکی هەنووکەییە لە ژیانی ئابووریی جەماوەری خەڵکی ئێراندا. ئێستا زۆرینەی کرێکاران بەهۆی گرێبەستی کاتی کارەوە زیانیان پێدەگات، ناچارن قورسایی تێچوویەکی نوێ تەحەمول بکەن چونکە بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ بەکاڵاکردن، ئێستا بارگرانییەکی دیکەی دارایی قورس بەسەریاندا سەپێنراوە، بەردەوام شاهیدی جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆپارێزی و نیمچە خۆپارێزی و ڕێسای باج و بانکی و بازاڕی سەرمایە و بازاڕی زەوی و خانووبەرە و بیمە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی و زۆر بواری ترن کە بە قازانجی پێکهێنانی بەستێنی نیولیبرالی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و جەماوەری خەڵک زیاتر لە ڕابردوو لە زۆرێک لە مافە ئابوورییەکانی خۆیان بێبەش بوون. ڕەنگە وا دەرکەوێت کە سیاسەتی ئابووری نیولیبراڵ لەو وڵاتانەدا کارپێکراو بێت کە سەرەتا سیاسەتی لیبراڵ-دێمۆکراتیکیان ئەزموون کردووە، لە کاتێکدا ئەمە لە ئێراندا وا نییە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە توندڕەوترین بەرنامە نیولیبراڵییەکان لە حکومەتە پاوانخوازەکانیشدا کارپێکراون. وە تەنانەت لە پێشکەوتووترین دێموکراسییە سەرمایەدارییەکاندا، نیولیبرالیزم زیانێکی گەورەی بە نۆرمەکانی لیبراڵی دێموکراسی گەیاندووە و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەسەریدا تێدەپەڕێت. بەم هەموو سیفەتانە، ئەگەرچی ئابووریی ئەمڕۆی ئێران وەک سیاسەتێکی یەکلاکەرەوە و بە پلانێکی جیکەوتوو لە قەڵەم نادرێت، کاریگەرییەکانی ئیفلاس تا لێواری دارمان تێیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ژێر کاریگەری سیاسەتی نیولیبراڵدا بووە، هەر بۆیە نابێ ئەم کاریگەرییە لەسەر کار و ژیانی بزووتنەوە سیاسی و چینایەتییەکان، لە دیاریکردنی ئاراستەکەدا لەبەرچاو نەگیرێت

### * ئەم ئاڵوگۆڕە لە کوردستان
### ئێستا با بگەڕێینەوە سەر کوردستان.

لەئەنجامی وەها سیاسەتێکدا، ئەگەری کەسب و کارە بچوکەکان کە لە کوردستان زیاتر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە، بەخێرایی لەدەست دەچێت یان نامێنێت. بەو پێیەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئابووریی نیولیبراڵ میکانیزمەکانی ئابوورییە بچووکەکان هەرچی زیاتر مەحاڵ دەکات، ڕوونە کە پاشماوەکانی ئابووریی ناوچەیی (کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئابووریی بچووکە لە کوردستان) زیاتر بە ئامانج دەگرێت. لە لایەکی ترەوە بەهۆی سیاسەتی دروستکردنی بەنداوەوە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی کە کار و زەوی و سەرچاوەی ئاویان لەدەستداوە، ئاوارە بوون و ڕوویان لە جەرگەی شارەکان کردووە. ئەم جەماوەرەی کە لە شوێنی ژیانی خۆیان هەڵکەندراون و هەڵبەت ئابووریی بچووکیش کە داهاتوویەکی ڕوونی نییە، هێزی ڕاکێشانی ئەوانی نییە، یان لە ناو شارەکان بوونەتە کرێکاری وەرزی و دەستفرۆش یان لە ناوچە سنوورییەکان لە گێژاوی ترسناکی کۆڵبەریدا گرفتار بوون. بێ هۆ نییە کە ئێمە شاهیدی پەرەسەندنی دیاردەی دەستفرۆشی لە شارەکانی کوردستانین، واتە پڕۆسەی گواستنەوەی ناوەندە سەرەکییەکانی بازارکردنی ڕۆژانەی خەڵک لە دوکانەکانەوە بۆ سەر شۆستە و زنجیرەیەک لە وانێتبارەکانین کە لە کەمەربەندی شارەکاندا وەستاون، لە هەمان کاتدا دابەزینی توانایی کڕینی خەڵک لە کوردستان، هاوکار بووە بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە. دەرئەنجامی وەها دۆخێک، لە لایەک، دابەزینی خێرای وردە بورژوازی کە پشت بەستووە بە ئابووریی بچووک (لە کوردستان) و لە لایەکی دیکەشەوە، پەرەسەندنی دیاردەی کۆڵبەری و دەستفرۆشی، گەشەی پەراوێزی شارەکان و گەڕەکە کرێکار نشینەکان، کە هەموویان زیاتر لە هەموو شتێک ئاماژەن بە قووڵبوونەوەی قەیرانی کەلێنە چینایەتییەکان لە کوردستان. بۆیە ئەگەر لەناوچوونی بناغەی ماددی وردە بورژوازی لە کوردستان قبوڵ بکرێت و هەروەها ئەوە قبوڵ بکرێت کە ئەو چینە باڵادەستەی کوردستان کە ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ئابوورییە دەبێتەوە، تادێت بەهێزتر دەبێت و بۆ زامنکردن و بەرهەمهێنانەوەی پێگەی ئابووری باڵادەستی خۆی، پەنا دەباتە بەر بازاڕی سەراسەری و خەمی بازاڕی ناوخۆ چیتر بۆ ئەوان مانای نییە. ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیان بە بازاڕە سەراسەرییەکان و تەنانەت ناوچەییەکانەوە دەبەستنەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر «کوردایەتی» کردن لە قۆناغێکدا بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی ناوخۆ بووبێت، ئەمڕۆ ئیتر ئەم بازاڕە بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بە کردەیی کارایی و قازانجی خۆی لەدەست داوە و هیچ داهاتوویەکی نییە. «کوردایەتی» کردنی ئەمڕۆی ئەم چینە ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەک لە بازاڕ و دەسەڵاتی سیاسیدا. با لە گۆشە نیگایەکی ترەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی دەیان ساڵی ڕابردوو، ئەمڕۆ هێزی بزوێنەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان چیتر چینە بۆرژوازی و وردە بورژوازییە «مۆدێرن» نادەوڵەتییەکان نین، لەبەر ئەوەی بازاڕی ناوخۆ لە فۆرمە کلاسیکەکەیدا لاوازە و لەو ئاستەدا نییە کە بتوانیت لە بەرامبەر سەرمایە گەورەکاندا خۆڕاگریی بکات. بۆیە ڕێگای مانەوەی تێکەڵبوونی لانیکەم لە بازاڕی جیهانیدایە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە «کوردایەتی» بەنیازە ڕێگای ئەم تێکەڵبوونە خۆش بکات. لەمڕووەوە لە سایەی ئەم پێشهاتانەدا، کاکڵی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی کردەیی گۆڕاوە بۆ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا. بە تێڕوانین لەم ڕوانگەیەوە، ناوەڕۆکی بزووتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییش، بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لەگەڵ ڕابردوو. بە گواستنەوەی هێزی بزوێنەری بزووتنەوەکە بۆ چینەکانی خوارەوە، ویست و داواکارییەکانی ئەو چینانە، لەوانەش نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، ناوەڕۆکێکی تر پەیدا دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بزووتنەوەی کوردستان سروشتێکی شۆڕشگێڕانە و دێموکراتیکی بەخۆیەوە گرتووە. ویست و داواکاری چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی ئینسانی، هاوکات لەگەڵ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و جێندەری، لە لووتکەی ویست و داواکارییەکاندا بووە. ئەمڕۆ «کوردایەتی» بە دابینکردنی ژیان و ئازادی و یەکسانی و بە دەسەڵاتدارێتی جەماوەرییەوە مانای پەیدا کردووە.

بۆیە یەکێک لە ئاماژە گرنگەکان بۆ هەڵبژاردنی ڕێباز و چۆنیەتی بەهێزکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، گرنگیدان بەم پێشهاتە ئابوورییانە و لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە چینایەتییەکانە لە داڕشتنی ستراتێژە سیاسییەکەیدا. ئەگەر پرسی دەستەبەرکردنی ژیانی مرۆڤ لە ناوەندی گوتاری سیاسی هێزە سیاسییەکاندا نەبێت، ئەگەر داواکاری چینایەتی و داخوازییەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەرنامەی سیاسیدا جێگایان نەبێت یان لە باشترین حاڵەتدا پەراوێز بخرێن، لە بنەڕەتدا توخمی دادپەروەری لەم بزووتنەوەیە دوور دەخرێتەوە و بە تەواوی ژێر پێی ئەم بزووتنەوەیە بەتاڵ دەبێت. بەهەمان شێوە ئەگەر لابردنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر شانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای کوردستان قورسایی دەکات و ئەوانەی کە بە لابردنی ستەمی نەتەوەیی بە دوای باشتربوونی بارودۆخی ژیانی خۆیاندا دەگەڕێن، لە بەرنامەی سیاسیدا لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، توخمی دێموکراتیک بوونی بزووتنەوەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە چینی خوارەوەی کە ئەمڕۆ بە هۆی ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکانەوە هێزی بزوێنەری بزووتنەوەی کوردستان پێکدەهێنن، هاوکات کە بەدەست ستەمی چینایەتییەوە بە واتای بێبەشبوون لە ژیانێکی ئینسانی دەناڵێنن، هاوکات خوازیاری نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتیشن، چونکە ئەو جۆرە ستەمە بە یەکێک لە فاکتەرەکانی بەردەوامی ستەمەکانی دیکە لەسەر ژیانی خۆیان دەبینن. لەمڕووەوە ناکرێ بە کرێکارانی کوردستان بڵێین کە کامە گرنگە، ناکرێ خەباتەکەیان قۆناغبەندی بکرێت و بە دیاریکراوی بوترێت سەرەتا ئەمە و پاشان ئەوی تر!

### * دوا وتە!

هەروەک ئاماژەی کرا، بە چاوخشاندنێک بەسەر دابەشبوونی فەزایی نابەرابەرییەکانی ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، و هەروەها بەدواداچوون بۆ پاشخانی کار و پیشەی قوربانیانی ئەم بزووتنەوەیە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندە سەرەکییەکانی ئەم بزووتنەوەیە نەک گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی شارەکانی کوردستان، بەڵکوو گەڕەکە کرێکارییەکان و پەراوێز و هەژارنشینەکانە و هێزە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە گشتی سەر بە چینەکانی خوارەوە و هێزەکانی کار بوون، کە بە گشتی دەکەونە چوارچێوەی هەمان ئابووری بژێوی و دەستفرۆشییەوە. پێویستە ئەم دینامیکی چینایەتییە لێرە و هەر ئێستا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە و ستراتێژییەکی سیاسی و ئابووری دیاریکراو بە کۆمەڵگا بناسێنرێت بەمەبەستی دامەزراندنی فۆرمێکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە داهاتووی پێشهاتە شۆڕشگێڕانەکاندا. ئەگەر هێزی سیاسی دەیهەوێت گوتارێکی هەژموونخوازانە بۆ کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگا بناسێنێت، بە «یان» و قۆناغبەندی کردنی ویست و داواکارییەکانی خەڵک بە هیچ ئاکامێک ناگات، بەڵکوو پێویستە هەموو لایەنەکانی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی لە کوردستان بە یەکەوە گرێ بدرێت. ئەگەر ئەم دوو پرسە پێکەوە بەرەوپێش نەچن، هیچ کامیان بەدی نایەن و ئەگەریش بەدی بێن، بەردەوامییان نابێت. ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی لە کوردستاندا هێندە تێکەڵاون کە هیچ کامیان بەبێ ئەویتر مانا نابەخشن. ئەم لێک گرێدراوییەش کاریگەرییەکانی هەر جۆرە ستراتێژییەکی سیاسی تاک ڕەهەندی، بە تەواوی پووچەڵ دەکاتەوە

****

# بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە تەئکیدێکە لەسەر درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی



**وتووێژی قەندیل پرێس لەگەڵ هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەنا**

**قەندیل پرێس:** سڵاو و ڕێز کاک حەسەن، سپاستان دەکەین ئەم وتووێژەتان لەگەڵ قەندیلپرێس قەبووڵ فەرموو، وەکوو پرسیاری یەکەم، هەروا کە ئاگادارن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵبژاردنی ١١ی ڕەشەمەی مەجلیسی کۆماری ئیسلامییان تەحریم کردووە، بە ڕای بەڕێزتان بۆ دەبێ ئەم هەڵبژاردنە تەحریم بکرێت؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** لە وەڵام بە پرسیاری یەکەمدا دەبێ عەرز بکەم، من پرسیارەکە بەو بارەیتریدا وەردەگێڕمەوە، پێچەوانەکەی، ئەویش ئەوەیکە، خەڵکی کوردستان بۆ دەبێ لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات؟ دەلیلی بەشداری نەکردنەکە ڕوونە، بەڵام بۆ دەبێ بەشداری بکات؟ با ئێمە چاو لێبکەین، لەکاتێکەوە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار چ دەسکەوتێک؟ چ خزمەتێک؟ چ کارێکی بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟ بڕیاری جیهاد لە ئێراندا تەنها لە دژی خەڵکی کوردستان دراوە، مەرجەعێکی ئایینی-سیاسی، شەخسی خومەینییە کە لە ٢٨ی گەلاوێژا بڕیاری جیهادی داوە، یەکەم شەڕ لە نەورۆزی ٥٨دا، مانگ و نیوێک دوای ڕاپەڕین دژی خەڵکی کوردستان دەسپێکردووە کە لە شاری سنە بووە، ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان دەسیان پێکرد، لە هاتنی خەڵخاڵی لە پاش ٢٨ی گەلاوێژ بۆ کوردستان، برایانی ناهید دانەیکیان لەسەر برانکاردا لە گەڵ چەندین تێکۆشەری دیکە لە فرۆکەخانەی شاری سنە کە ڕاکێشراوە لەسەر عەرزەکەدا، تێکۆشەرێکی دیکە کە دەستی لە گەچ دایە، برینداره، ئەیانبەن تیربارانیان ئەکەن، تیربارانەکانی پاوە، سەقز، شارەکانی دیکە، هەمووی ئەوانە، دوای ماوەیەک شەڕ و ئاگر بارانی هەموو کوردستان و لە شەڕی سێ مانگەدا، کۆماری ئیسلامی لە زاری خومەینیدا ئاگەربەسی ڕاگەیاند، بەدوای ئەوەدا هیچ ڕاستگۆییەکیان لەو ئەگربەسەدا نەبوو، پادگانەکانیان پڕ کرد لە هێزی چەکدار و ئەو تاوانانەیان کرد، لەو کاتەوە تا ئێستا خەڵکی کوردستان ئێعدام ئەکرێن، ڕۆژانە و ئاخرین نموونەکەی ئەو چوار زیندانییە سیاسییە بوو کە لە زیندانی قزلحسار ئێعدام کران و بەدەیان تاوانیتر، کۆماری ئیسلامی بە دەیان گۆندیان لە کوردستان ئاگرتێبەرداوە و سووتاندوویانە، لە قاڕنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، لە هەموو شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پەتی سێدارەیان بەردەوام بە ئاسمانەوە شەکاوەتەوە، بۆ وەزعی ژنان و مافی ژنان کە لە ئێران هەیانە، بۆ مەسئەلەی داخوازی خەڵکی کوردستانە کە هیچ وڵامێکیان پێ نەداوەتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە بیر و باوڕی ئایینییان لەگەڵ ئەوان نایەتەوە، ئەیانگرن و ئێعدامیان ئەکەن، هەمووی ئەوانە، ئەوەمان پێ ئەڵێن کە بێجگە لەوەی کوردستان پادگانێکی گەورەی سەربازییە، هەر ئێستا دووسەد هەزار هێزی چەکداری تێدایە، کۆشتاری ڕۆژانەی کۆڵبەران و ئەوەی کە دەرحەق بە لاوێکی وەک ژینا کردیان کە لە تاران دڵڕەقانە لە بەینیان برد و دوای ئەوەی ئەو شۆڕشە کۆمەلایەتیە گەورە لە ئێران و کوردستان و هەموو دونیای گرتەوە، بۆیە هەموو ئەو هۆکارانە ئەوانەمان پێ ئەڵێن کە خەڵکی کوردستان ئەبێ لەم بەناو هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکات، بێجگە لەوە، ئەمە هەڵبژاردن نییە، ئەوان بەڕاستی ئەو ڕۆژە فەقەت نمایێشێک ئەدەن، خەڵک بچن و نەچن ئەوان ئەزانن کێ لە سەندووقەکانی دەنگدان دەربکێشن، وەختێک کە دەنگ بایخی نییە، وەختێک مرۆڤ بایخی نییە، وەختێک هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕوونادات، ئیتر چ پێویست دەکات خەڵک ئەو ماندوویەتییە بیکێشێت؟ بۆیە بەو هۆکارانە من لام وایە کە خەڵکی کوردستان ئەبێ بەشداری نەکەن و دڵنیام کە بەشداریش ناکەن، هەموو ئامار و ڕاگەیاندن و داتاکان ئەوەمان پێ ئەڵێن کە، تەنانەت ئەو داتایانەی کە لە ناوخۆی ئێراندا بڵاو کراونەتەوە قسە لەسەر بەشداری پانزدە دەرسەدی ئەکەن، چوونکە بەڕاستی کۆماری ئیسلامی لە بۆنبەستدایە، لە ئاخری خەتی خۆیدایە و ئەم بە ناو نمایشەشی بۆ ئەوە دەوێت کە گوایە خەڵکی ئێرانی لەگەڵە بەڵام پێچەوانەکەیەتی، بە هەموو ئەو هۆکارانە من لام وایە جگە لە خەڵکی کوردستان، خەڵکی ئێرانیش ئەبێ لەم گاڵتەجارییەدا بەشداری نەکەن

**قەندیل پرێس:** تەحریمی ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، چ دەستکەوتێکی دەبێت؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا** بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە دەسکەوتی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان ئەبێ، یەکەم دەسکەوتی ئەوەیە کە خەڵکێکی یەکگرتوو نیشان ئەدات، خەڵکی کوردستانی یەکگرتووە، ئێمە ئەم ئاستە لە وشیاری، لە تێگەییشتوویی و لەو یەکگرتوویییەی کە ئێستا لە ناو خەڵکی کوردستاندا هەیە، هووشیارییەکی سیاسی کە دروست بووە، لە ساڵی ٥٨ دا نەمانبوو، لە دوازدەی فەروەردینی ١٣٥٨ دا هەڵبژاردنی ئا و نا بوو، لەو هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان یەکدەنگ وتیان نا، لەو کاتەوە تا ئێستا ئێمە «نا»یەکی گەورەمان بە کۆماری ئیسلامی وتووە و ئەمڕۆکە کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران بەو «نا»یە گەییشتوون و قسە لەوەیە ٧٥ تا ٨٥ لەسەدی خەڵکی ئێران ئەوە ئەڵێن، ئەوە گەورەترین دەسکەوتە بۆ خەڵکی کوردستان کە «نا»کەی ئەمڕۆ هەموو ئێرانی تەنیوە، دووهەم، وەختێک کە ئێمە ئەو «نا»یەمان وت مانای ئەوەیە شتێکی دیکەمان ئەوێ، داخوازیەکەیترمان چییە؟ جیا لە داخوازی ستەمی نەتەوایەتی، بەرابەری ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت، ئازادییە سیاسییەکان و زۆر شتی دیکە، تەئکیدێک ئەکەینەوە لەسەر درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، ئێمە کە کۆماری ئیسلامیمان ناوێ، شۆڕشمان ئەوێ، ئاڵوگۆڕمان ئەوێ، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیمان ئەوێ و خەڵکی کوردستان داوای ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و لەو ڕێگایەوە ئیدامە بە شۆڕشەکەی ئەدات، وە لەو ڕێگایەوە داخوازییەکانی خۆی دێنێتە گۆڕێ لە گەڵ خەڵکی ئێران، وە لەو ڕێگایەوە دەنگی هاوخەباتی خۆی بە خەڵکی ئێران ئەگەیێنێت و ڕایئەگەیێنێت کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا بێگانەیە، کۆماری ئیسلامی داگیرکەرە، کۆماری ئیسلامی سەرکۆتکەرە، هەر بۆیە هێزی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان بەهێز ئەکات و کاریگەری ئەکاتە سەر ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان، کاریگەری ئەکاتە سەر حیزبەکان، سەر کۆمەڵگای مەدەنی، سەر ژنان و خەباتی ڕۆژانە و قارەمانانەی ئەوان کە لە هەموو بوارەکاندا دژ بە کۆماری ئیسلامی بەشدارن، وە دەسکەوتێکی گەورە ئەبێت و لە ڕاستیدا ڕێفراندۆمە، ئەم «ئا و «نا»یە بە واتایەک هەر ئەو «ئا» و «نا»یەی ساڵی پەنجا و هەشتە بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی فریوکاری زۆری پێوە ئەکات و خەڵکی زۆریان کاندید کردووە و تەبلیغیان بۆ ئەکەن و گاڵتەجاڕییان ڕێکخستووە بەڵام ڕێفراندۆمە، لەو ڕێفراندۆمەدا جارێکیتر دوای ٤٥ ساڵ تەئکید ئەکەینەوە لەسەر ڕێفراندۆمی یەکەم کە دوازدەی فەروەردینی ٥٨ کراوە و ئەڵێین نا بۆ کۆماری ئیسلامی، نا بۆ سەرکوت، نا بۆ میلیتاریسم، نا بۆ قەتڵ و عام، نا بۆ ئێعدام، نا بۆ تیرۆر و بەڵێ بۆ فەعالیەتی سیاسی، بەڵێ بۆ کاری حیزبی، بەڵی بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەموو ئەو داخوازییە ڕەوایانەی کە خەڵکی کورد هەیانە و فیداکارییان بۆ کردووە، بەو هۆکارانە پێموایە دەسکەوتێکی زۆر زۆر گەورە دوای ئەو «نا»یە بەدەست دێت و کۆماری ئیسلامیش حەسابی خۆی ئەکات و ئەزانێ لە کوردستاندا هێزێکی داگیرکەری بێگانەیە

**قەندیل پرێس:** لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جاران زیاتر پێکەوە هاوکارییان کرد بەڵام ماوەیەکە نیشانەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێ نیشان دەدەن، بۆ نموونە لە سەر سێدارەدانی چوار پێشمەرگەی کۆمەڵە حیزبەکان پێکەوە هاوکارییان نەکرد یان تا ئەم کاتە پێکەوە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان بۆ تەحریمی هەڵبژاردن بڵاو نەکردووەتەوە، هۆی ئەم دووبارە دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لەیەکتر چییە؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** تا ئەو جێگایە بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەڕێتەوە، حەقیقەتی ئەوەیە کە ئەم حیزبانە جیاوازی لە فکر، بیر و بۆچوون، لە ستراتێژ، لە بەرنامە و لە هەمووی ئەوانەیان هەیە، کەسیش ئەوەی نەشاردووەتەوە، بڵام ئەوەیکە لەم دەورەیەدا ئێمە شاهێدین و لە هێندێک شتا ئەگەرچی بە نیسبەتی پێشوو هاوکارییەکان زیاتر بوون، من لەگەڵ ئەوە نیم کە ڕاستە بۆ مەسەلەی ئەو چوار لاوە ڕاگەیاندنی هاوبەش نەدرا یا مەسەلەن بۆ بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە، بەڵام کۆدەنگی لەسەری بوو، ئەویش ئەمەیە لەماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا هاوکاری زۆرتر بووە بەڵام هۆکارەکەی جیا لەو شتانەیە کە وتم، بۆ خۆی هۆکاری ئەسڵی ئەتوانێب بێ

درێژە لە لاپە ڕە ی ٩

## درێژە ی : وتووێژی قەندیل پرێس لەگەڵ هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەنا

بەڵام بەڕاستی ئەوە هۆکار نییە، ئەو هۆکارانەی تری کە ئێستا هەیە ئەوەیە کە لە باری شێوەی کارکردن، لەباری دۆست و نزیکەکانمانەوە، لەباری کێ لە کێ نزیکە، لەباری تاکتیکەوە، لەباری ئەو سیاسەتانەی ڕۆژانە کە دایدەڕێژن، ئەوانە هۆکاری ئەسڵین بۆ دوورکەوتنەوە و ئەو جیاوازیانەی کە لە بەینی حیزبەکاندا دروست بووە یان ئەوەیکە کۆدەنگی درووس نابێ، مەسەلەن کەسێک ئەچێت لەگەڵ کوڕی شا هاوپەیمانی ئەکات، کەسێکی کە دڵی بۆ مۆجاهیدین لێ ئەدات، کەسێکی کە موتەحیدی کەسانێکی دیکەیە، تەبعەن ئەوانە کاریگەری ئەکاتە سەر لایەنەکانی دیکە کە ئەوانە بە نەیار ئەزانێ، تەجروبە پێمان ئەڵێ ئەوانە ناتوانن مافی خەڵکی کوردستان بدەن، ئەوە لایەنێکیتی، لایەنێکی‌تری ئەوەیە کە هێندێک لەو حیزبانە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، مەسەلەن لایەن هەیە ئەڵێ ئەگەر فلان حێزب بێت من نایەم، ئەوی‌تر ئەڵێ ئەگەر ئەو بێت من نایەم، ئەوانە بۆ خۆی هۆکارن، ئینشعاب و جیابوونەوەکان ئەوە هۆکاری دیکەیە کە بە باوڕی من کاریگەری هەیە، دابەشبوون لەسەر ئەو بارودۆخەی کە لە هەموو کوردستانەکانا هەیە، دابەشکارییەکی کە دروست بووە لەناو لایەنە ئەسڵیەکاندا، لایەنگیری گەلێکی کە بە باوڕی من ئەوانەیش کاریگەری هەیە لەسەر ئەوە، بە نیسبەتی مەسەلەی ئەو مانگرتنەوە ئێمە لایەنێک بووین کە هیچ مەرجێکمان نەبوو وەختێک ئەو چوار لاوە سیاسییە ئێعدام کران، لەگەڵ هاموو لایەنەکان پەیوەندیمان کرد، پێمان وتن کە ئەمە پەیوەندی بە هیچ حێزبێکەوە نییە، ڕاستە ئەوان هەڵسووڕاو یان پێشمەرگەی لایەنێک بوون بەڵام دژایەتی لەگەڵ ئێعدام پەیوەندی بەوە نییە کە تۆ بەو مانایە دیفاع لەو حیزبە ئەکەیت، ئەسڵەن ئەوە نییە، حەولماندا و لەگەڵ چەن لایەن قسەمان کرد بەڵام بەداخەوە ئەوان هەر کامێکیان بەهانەیکیان بوو نەهاتنە پای ئەو کۆدەنگییە بۆ ئەو مانگرتنە، ئەگەرچی پێش هەموو کەسیش ڕاگەیاندنی سەرکەوتنیاندا کە گوایە ئەوان هۆکاری سەرکەوتنی مانگرتنەکە بوون، نازانم ئەوەش چۆن بۆ خۆیان تەوزیحی ئەدەن، تا ئەو جێگایەی کە بەم هەڵبژاردنە ئەگەڕایەوە، ئەم هەڵبژاردنە بە دەلیلی ئەوەیکە ئەو کێشانەی پێشتر بە تایبەت لەسەر مەسەلەی مانگرتنەکە ببوو وە ئەوە خۆی بە کردەوە دابڕان یان بۆشایی و کەلێنێکی دروست کرد کە بە ئاسانی نەدەکرا بە دوو حەفتە دوای ئەوە پڕ بکرێتەوە و ئەو لایەنەی کە ئامادە نەبووە لەو مانگرتنەدا بەشداری بکات لە هەڵبژاردندا چی قەوماوە لەو ماوەیەدا کە بێت و ڕاگەیاندنی هاوبەش بدرێت، ئێمە خۆمان حازر نەبووین ئەو کارە بکەین، ئەوە دەلیلێکی بوو، دەلیلێکیشی ئەوە بوو بە ڕاستی ئەو مانگرتنە بە بێ ئەوەی حیزبەکانیش پێکەوە ڕاگەیاندن بدەن ئەوەندە بێ بایخ و بێ‌ئەرزشە کە خەڵکی کوردستان بەشداری تێدا نەکەن و خەڵکی ئێران تێیدا بەشداری ناکەن وە ئەوە هەموو کەس تەشخیسی ئەوە ئەدات، بۆیە ئەوە هۆنەرێکی گەورە نەبوو کە کۆدەنگی لەسەر بێت و ئەگەر کۆدەنگیش نەبێت لەناوەوە ئەو کۆدەنگییە بوونی هەبوو، جیا لەوە هەموو لایەنەکان بۆ خۆیان ڕاگەیاندنیان داوە، هەرکەسە بە ئەدەبیات و فەرهەنگی خۆی ئەوەی تەحریم کردووە، ئەوە بۆ خۆی باش بوو. ئەو هۆکارانە بوون کە لە ڕاستیدا ئەو ناکۆکی و کەلێنانەی دروست کرد بەڵام ئێستا بە خۆشییەوە ئەوەیش خەریکە کەم بێتەوە وە هاوکاری گەلێکی ترمان لەپێشە بە تایبەت لەسەر ئەو دۆخەی کە ئێستا و ئەو فشار و زەختانەی کە کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو حیزبانەی کە هێزی چەکداریان هەیە و لەسەر بارەگاکانیان دروستی کردووە، لەسەر ئەو پرسە کۆدەنگی هەیە و لە داهاتوودا پێم وایە شتی هاوبەش سەرلەنوێ دێتە ئاراوە

**قەندیل پرێس:** وەکوو پرسیاری کۆتایی، چەند ڕۆژ پێش ئێستا، مەسیح عەلینەژاد لە وتووێژەکانیدا چەند شتێکی لەبارەی مەنشووری جۆرج تاونەوە درکاند و هێرشی کردە سەر ڕەزای پەهلەوی، هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** جیاواز لەوەیکە مەسیحی عەلینەژاد چی وتووە و چی نەوتووە، هێرشی کردبێتە سەر کوڕی شا یان نەیکردبێت، ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەسەر مەنشووری جۆرج تاون ڕای خۆمان دەربڕی، ڕاگەیاندنێکماندا، لەوێدا وتمان کە بە جێگایەک ناگات، لایەنێکیش کە بە ناوی کۆمەڵەوە بەشداری تێدا کردبوو وتمان کە لەگەڵ سۆننەتەکانی کۆمەڵە نایەتەوە، لەگەڵ کوڕی شا و لەگەڵ جەماعەتێکی پانئێرانی واردی نزیکایەتی و دۆستایەتی ببیت کە ئاکامەکەشیمان دی، کە بەهەرحاڵ بە قەولی لایەنێکی کە جیا بوونەوە وتیان کە یەکێک لە هۆکارەکانیان ئەوە بووە. بەهەرحاڵ خۆیان چۆنی تەوزیح ئەدەن با بیدەن، بەڵام ئێمە لەو ڕۆانگەیەوە کە کوڕی شا ئەزموونی سەڵتەنەت لە ئێراندا هیچ بە پێچەوانەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ چاوی خۆیان لە حەقیقەتەکانی پاشایەتی لە ئێراندا دەنووقێنن، حەقیقەتەکان نابینن، دەسەڵاتێکی ڕەش بوو، دەسەڵاتێکی تاوان کاربوو، دەسەڵاتێکی جینایەتکار بوو، وە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی زادەی حکوومەتی پاشایەتییە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت کوڕی شا نەهاتووە ڕەخنەیەک لە باوک و باپیری بگرێت، قەیناکە کوڕی ئەوانە بەڵام سیستەمەکە ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو ئەگەر ئەمڕۆکە فەعالێکی سیاسی بێت ناتوانێ بڵێت من پاشایەتی دێنمەوە، باوڕم بە فلان و فیسار هەیە بەڵام هیچ ڕەخنەیەکیشم لەو ڕابردووە نییە، ئەو هەموو تاوان و جنایەت و کۆشتار و سەرکوتەی تێیدا کرا. بۆیە ئێمە بەڕاستی پێشتریش پێمان وابوو کە مەنشووری جۆرج تاون بە مردوویی لەدایک بوو، وە ئەو هەراو هەنگامەش کە لە هێندێک لە سایتە خاوەن ئیمکانات و پڕ بینەرە فارسی زمانەکانیش بۆیان دروست کردن، وە حەولیاندا بۆ ئەوەیکە ئاڵتێرناتیوسازی پێبکەن لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، بەڵام ئەوە سەری نەگرت و سەریش ناگرێ، ئەو شێوەیە لە ڕەهبەری لە دەرەوەی خەبات و نارەزایەتییەکان، ئەز قەزا مەنشووری جۆرج تاون زەرەری دا لە بزووتنەوەی ژینا، ئەو درووشمەی کە هێنایان (مەرد، میهەن، ئابادی) دەقاودەق دژ بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو، بێجگە لەمانە، ئەوان کۆمەڵێک ناسیونالیستی ڕادیکاڵی ئێرانین کە لە ناخەوە دژ بە مافەکانی خەڵکی کوردن، دژ بە مافی خەڵکی ئازەربایجان و لوڕ و عەرەب و بەلووچ و هەمووی ئەوانەن، بۆیە ئەمە نەیدەتوانی ببێتە ئاڵترناتیو، وە ئەگەر ئەو تەبلیغاتە گەورە و ئەو چەند دەزگای تەبلیغاتییە نەچووبایەتنە پشتی و کۆماری ئیسلامیش پێی خۆش بوو کە ئەوە گەورە بکاتەوە و بڵێ بەدیلەکەی ئێمە ئەمانەن، کە هەموویان ڕابردوویەکی جیاوازیان هەبوو، لە هیچ شوێنێکدا نەبینراوە کۆمەڵێک چێهرەی سینەمایی بێن ببن بە ڕەهبەری خەباتی سیاسی یان گۆرانیبێژێک، شتی وا لە هیچ شوێنێک ڕووی نەداوە، بۆیە ئەم مەنشوورە بە باوڕی من بە مردوویی لە دایک بوو وە ماوەیەکی زۆریش تەمەنی نەکرد، ئێستاش وانییە ئەوان بێن لە خۆیان ڕەخنە بگرن، بەڵام بەو فەرهەنگە و بەو سۆننەتە و سوئیستیفادە کردن لە خەڵک و لەو شۆڕشەی ژن، ژیان، ئازادی ئاکامێکی باشتری لەوە لێ نەدەکەوتەوە، تەبیعی بوو ئەوە بەو نەتیجە بگات کە گەییشت و شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، بۆیە ئێمە نە تەنها لە هیچ جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاڵتێرناتیوسازیەکی ئاوادا بەشداری ناکەین بەڵکوو بە خەڵک ئەڵێین کە ئەمە زەرەر و زیانەکەی چییە، هەر ئەو کارەشمان کرد، وە لە جێگای خۆیشیدا هەڵوێستی هێز و لایەنەکانی چەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازەکان کاریگەری هەبوو لەسەر لەقاودانی ئەم مەنشوورە و پووچەڵکردنەوەی ئەو تەرح و بەرنامەیەی کە ئەوان بوویان و هیوایان هەرچی بوو بە ئەمریکا و بە غەرب بوو، خۆ هیوایەکیان بە خودی خەڵکی ئێران نەبوو، بۆیە من پێموایە بە جێگایەک نەگەییشت، وە زەرەرمان لێنەکرد ئەگەرچی ئەو مەنشوورە زەرەری گەیاند




****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 444-March 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# خەون و ئاواتە بەدی نەهاتووەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا



ڕۆژنامەی «ڕووداوی ئەمڕۆ» چاپی تاران لە ژمارەی ڕۆژی سێشەممەی خۆیدا وتاری ئابووریناس و مامۆستایەکی زانکۆی بڵاوکردۆتەوە کە خاڵی سەرنجڕاکێش و گرنگی تێدایە. ئەم مامۆستایە لە کۆتاییەکانی وتارەکەیدا پرسیارێکی وروژاندووە بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت، بۆخۆی لە وەڵام بەم پرسیارەدا هیچ ناڵێت. با بەکورتی پێداچوونەوەیەک بە قسەکانیدا بکەین: چل ساڵ لەمەوبەر، کاتێک پێم نایە بواری زانستی ئابوورییەوە، هەر لە ساڵەکانی یەکەمەوە کۆمەڵێک خەون و خولیام لە سەردابوو کە هەرگیز بەجێیان نەهێشتم، واتە هیچکات بەدی نەهاتن، لە ڕێگای شکڵگرتن و گۆڕانکاری خەونەکانم، گەشەسەندوویی ئێران لە بواری گاز لەگەڵ قەتەر، لە بواری نەوتدا لەگەڵ عەرەبستان، لە بواری گەشتیاری و پیشەسازی لەگەڵ تورکیا و لە بابەت پێگەی جوغرافیایی دەگمەنەوە لەگەڵ ئیمارات، وەک وڵاتانێکی کە هەریەکەیان تەنیا یەک بەرهەمیان هەیە، بەراورد و هەڵسەنگاندنم بۆ دەکردن. بێ گومان هاتنی بەڕادەی لانیکەم نیوەی ئەو گەشتیارانەی کە دەچنە تورکیا بۆ ئێران، بەراوردێکی خەیاڵی نییە. گەیشتن بە هەڵاوسانی ۳ لەسەد و ڕێژەیەکی بێکاریی نزیک لەوە و گەشەی ئابووری زیاتر لە پێنج سەد، بە ئاواتێکی خەیاڵی نەدەزانرا. لە ئابوورییەکی وادا، هەژاری و بێکاری لە وڵاتدا نەدەما و بێمانا دەبوو؛ ئیتر منداڵێک ناچار نەبوو ناو زبڵ و خاشاک بگەڕێ؛ هیچ لاوێک کۆڵبەری نەدەکرد؛ هیچ مامۆستایەکی ماندوویی نەناس و تێکۆشەر، مسافیرکێشی نەدەکرد و هیچ خانمێکی زەحمەتکێش، لەژێر گوشاری هەژاریدا پەنای نەدەبردە بەر کۆمەڵکوژکردنی بنەماڵەکەی. لەو خەونە شیرینەدا، باشترین زانکۆکانی جیهان هاوکارییەکی نزیکیان لەگەڵ زانکۆ باشەکانی ئێمە دەکرد و گەنج و لاوەکانمان کە لە ناوەندەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان ڕاهێنراون، دەیانتوانی زیرەکیی (هۆش)ی دەستکرد ببەنە ناو پیشەسازیی پێترۆشیمی و ئۆتۆمبێل و پیشەسازییەکانی تر. ئێمە دەمانتوانی لە سنووری تەکنەلۆژیادا، بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێلی کارەبایی و ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر بین دەمانتوانی یەکێک لە گەورەترین هەناردەکارانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری بین لە ناوچەکەدا و کەم ئاویی کۆنترۆڵ بکەین. ژنانی گەنج و خوێندەواری ئێمە دەیانتوانی لەبری تەحەمولی نرخی بێکاریی زیاتر لە پەنجا لەسەد، لە کارگە و ناوەندە خزمەتگوزارییە پێشکەوتووەکاندا کار بکەن و گەلێک خۆزیا و خەون و خەیاڵی تر. بەڵام بەڕاستی چی ڕوویداوە کە ئێمە بەم شێوەیە نین؟ کاتێک چاوەکانم دەکەمەوە و سەیری دەوروبەرم دەکەم، خەم و دڵتەنگی دامدەگرێت. ئاخر چۆن دەکرێت وڵاتێکی ئاوا دەوڵەمەند، ئەوەندە هەژار بێت؟ ئایا جێی باوەڕە، وڵاتێکی کە لە ڕووی گازەوە پلەی دووەم و لە ڕووی نەوتیشەوە پلەی چوارەمی هەبێت، نەک هەر هیچ جێگایەکی لە دابینکردنی وزەی جیهانیدا نەبێت، بەڵکوو تەنانەت لە ئاست دابینکردنی وزەی پێویست بۆ ناوخۆش، تووشی داماویی و سەرلێشێواوی بووە؟ چۆن دەتوانرێت ئەوە قبوڵ بکرێت، وڵاتێک کە خاوەنی بڕە سەرچاوەیەکی وەها گەورە بێت، دەوڵەتەکەی کورتهێنانی بودجەی درێژخایەن و بەردەوام ڕوو زیادبوونی هەبێت و ئاست و کوالێتی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەم ڕادەیە لەخوارەوە بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێرانەوە ڕوونە. لە ئێران ڕژێمێک دەسەڵاتدارە کە پێکهاتووە لە تاقمێک دز و تاڵانچی کە سەروەت و سامانی وڵات بە تاڵان دەبەن و ژیانێکی ئەفسانەییيان بۆ خۆیان و ئاغازادەکانیان لە ئێران و لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکان دابین کردووە و هەروەها ڕێبەرانێکی تینووی دەسەڵات، کۆنەپەرست و جینایەتکار لەسەر کارن کە لەپێناو خزمەت بە پاراستنی دەسەڵاتە نارەواکەیاندا هیچ سنوورێک ناناسن و لە هەمان کاتدا لە دواکەوتوویی و وەهمەکانی بەشێکی بچووک لە کۆمەڵگاش بۆ مانەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن. کارناسانی ئابووریی ڕژیم هەوڵ دەدەن قەیران و شپرزەیی ئابووری ئێران بخەنە ئەستۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵام هیچ کەس نییە ئەوە نەزانێت کە سەرەڕای بوونی گەمارۆکان، ساڵانە بە سەدان ملیارد دۆلار تەنیا لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە دەڕژێتە گیرفانی ئەم ڕژیمەوە. لە هەمان کاتدا ڕێگەی هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای سەربازی پێشکەوتوو ئەڵبەت ڕەنگە بە تێچوویەکی کەمێک گرانتر، بەردەوام کراوە بووە. هەروەها دروستکردنی قەیران و دەستوەردان لە ململانێ ناوچەییەکانیش هەم لە خزمەت بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی و هەم بە پەرەپێدان بە پێشبڕکێی چەک و چۆڵ لە ناوچەکەدا، ڕەزامەندی زلهێزەکانی بەدەستهێناوە و ئەم سات و سەودا نارەوایەش بە نۆرەی خۆی خزمەتێکی زۆری بە مانەوەی ڕژیم کردووە. تا ئەو کاتەی کە ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێت، نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون و ئازادی خەڵک بە بارمتە دەگرێت و خەون و خولیاکانی ئەم مامۆستایەی زانکۆش، لە وەهمێک زیاتر نابێت. ئەو دام و دەزگا ئیدارییە گەندەڵەی کە ئەم دەسەڵاتە لە داوێنی خۆیدا پەروەردەی کردووە، تەنانەت توانایی دەستەبەرکردنی ئەو پرۆژە ئابوورییانەشی نییە کە مەبەستی خودی ڕژیمە، چ بگات بە جێبەجێکردنی تەرح و پلانەکانی پەیوەست بە گەشەسەندنی ئابووری. ئەم ڕژیمە کە پێوەندییەکانی خۆی لە ڕێگای سەرکوتی دڕندانە و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و سەپاندنی کۆنەپەرستانەترین یاسا و ڕێسایکانەوە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی ئێران بەناو ڕێکخستووە، نیگەرانە لەوەی کە ئاخێزی جەماوەر دەرفەتی جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو و بە شێنەیی سیاسەتێکی لەو شێوەیەی پێ نەدات. ڕژیم ترسی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جەماوەرەی لێ نیشتووە کە تەنیا ساڵێک لەمەوبەر لە شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادی،دا لە لێواری هەڵدێر نزیکیان کردەوە. لەمڕووەوە جورئەتی ئەوەی نییە کە بچێتە ناو پرۆژەی درێژخایەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و ئەوەی پێ باشترە کە جارێ، هەروا ئەمڕۆوە بۆ سبەی وڵات بەڕێوەببات، بۆ ئەوەی کە ئەگەر بەخت یاوەری بێت، بەم شێوەیە بتوانێت چەند زەمنێکی تریش درێژە بە تەمەنی خۆی بدات

****

دواستون

## هەڵبژاردن یان هێزبژاردن؟

نووسینی:سەلام قادری

حکومەتە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن بە ڕێخستنی سوڕوساتێک بە ناوی هەڵبژاردن دیکتاتۆرییەکەیان برازێننەوە، ئەمە یارییەکە کە ساڵانێک سواری شەپۆلی خۆشباوڕی خەڵک دەبێت و لە هەندێ سەردەمی تر دەبێت بە یارییەکی دووبارە و سواو و هیچ گەرم و گوڕییەک لەگەڵ خۆیدا دووبارە ناکاتەوە، لە وڵاتێکی وەکوو ئێران تا کۆتایی شەڕی کۆنەپەرەستانەی ئێران و ئێراق ، هەڵبژاردن وەکوو ئامرازی ڕەواییدەر بە دیکتاتۆری ئەم دوو قۆناغەی بڕی، پاش تەواو بوونی شەڕ و سەردەمی هەرا و هوریای ڕیفۆرمخوازی ویستیان یارییەکە جەماوەریی بکەنەوە و لە چوارچێوەی پێوانەکانی چین و تاقمی حاکم دیکتاتۆرییەکەیان خستە مەزاتخانەی هەڵبژادنێکی دەروون حکوومی و بەم شێوازە بۆ دەورەیەکی کۆتا بەرگێکی تریان کردە بەر یاری هرڵبژاردن و یارییەکەیان لە سواوی ڕزگار کرد بەڵام ئەم مەزاتەیان پێوە نەهات و کۆمەڵانی خەڵک لەم قومارەی حکومەت بۆ قڵم کردنەوەی بەرمیلەکە بە سەریاندا کەڵکیان وەرگرت و ئەو کەرتەی لەم سەردەمەوە کەوتە جەستەی حکوومەتەوە هیچ کات خۆی نەگرتەوە و نەبوو بەو پەیکەرە یەکانگیرەی کە پێشتر بوو، ئەگەر پێشتر وەلی فەقی ڕێڕەو و چوارچێوەی بۆ باڵەکانی بەشداری نێو دەسەڵات دیاری دەکرد و باڵەکانی ناو دەسەڵات لەو ڕێڕەوەدا و بە میزاجی خۆیان خزمەتیان بە ستەم و مەینەتی داسەپاو دەکرد، لە دوای دەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازی، وەلی فەقی خۆی بوو بە باڵێک کە لە ڕێگەی وەلایەتی ماڵی و نیزامییەوە تەنانەت لە دەروونی ڕێژیمیشدا ئامرازی زۆر و وەلانانی بەکاردەبرد، بۆیە هەڵبژاردن وەکوو پرۆژەیەکی قەبێحی گەوجاندنی جەماوەر و ڕازاندنەوەی ستەم لە قۆناخی جۆراوجۆردا شکڵ و شەمایل و هەڵکەوتەی جۆراوجۆری بووە، ئەگەر سەرەتای حاکم بوونی ڕژیم وەکوو ئامرازی بەناو جمهووری کردنی دەسەڵاتی داسەپاو دەوری دەگێڕا، لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازیدا دەیهەویست خۆی لە سواوی ڕزگار بکات، پاش ئەحمەدی نەژاد حکوومەت لەوەش بەرتەسکتر بوویەوە، بەو مانایە کە چەقۆیەک کە تا ئەو کاتە لە سەر هەمووان بوو لەم کاتەوە ڕووی لە خودی دەسەڵاتداران کرد و تەنانەت پەیوەندییەکانی دەروون حکوومی لە ویلایەتی فەقێیەوە گۆڕا بۆ «ویلایەتی شەقیّ» و ئێستا ئیتر کۆمەڵگا بە هێزی شۆڕش و حکوومەت بە شەقی لایەنی زاڵی ناوخۆی لەگەڵ یەک دەدوێن، هەڵبژاردن لە سەردەمی بزاوتی جەماوەریدا لە ڕاستیدا هێز بژاردنە. ئاخۆ ئەوانەی هێشا بەو حکومەتەوە ئاوێزانن چەقۆیەک لە زنجیرەی چەقۆکان بۆ ملی خۆیان و کۆمەڵگا هەڵدەبژێرین، یان بژاردەیان دەبێ بە چەقۆ نەبژاردن و دێنە داوێنی شەقی شۆڕشی جەماوەرێکی کە دەمێکە هێزی خۆیان هەڵبژاردووە، نەوەک ملدان بە زۆر و زۆران بازی جەلادەکانیان؟

ئەمە پرسیاری پێش هەڵبژاردن بوو، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی حکوومەتی، شێوازێکی شورشگێڕانەی هێزبژاردن بوو کە لە درێژەدا بەرەو ئەوە دەڕوات هەمووان پاڵ پێوەبنێ لە نێوان دووبەرەدا خۆیان لە یەکێکیاندا ببیننەوە

****